ئاڤێستا

لەمێژینەترین سرووەی کورد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

* * *

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١
www.araspublisher.com

ئاڤێستا

لەمێژینەترین سرودی کورد

بەرگی یەکەم: -گاتا-کان

کۆکردنەوە و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە:

جەلیل عەباسی - ج . قەقنەس

ناوی کتێب: ئاڤێستا - لەمێژینەترین سرودی کورد
کۆکردنەوە و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە: جەلیل عەباسی - ج. قەقنەس
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٨٨
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: هونەرمەند محەمەد زادە
پیت لێدان: ئەدهەم عەباسی
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: دلاوەر صادق
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٩٠)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

پێشکەشە:

١- بەڕەوانی پاکی مۆبد ڕۆستەم شەهزادی کە تەمەنی خۆی بۆ ئەشا و لە ڕێگەی ئەشوویيدا بردە سەر.

٢- بەو مرۆڤانەی ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان لە ئاوێنەی کەرامەتدا بەڕاستگۆیی دەخوێننەوە.

٣- بەو کوردانەی بیری گەڕانەوەی سەر بنەمای ڕەسەن لە ناخیاندا چەکەرەی کردووە.

٤- بەو کەسانەی نایانەوێ لە قوڕاوی دۆگماتیزمدا بخنکێن.

پێشەکی

خشنە ئوترە ئەهوورا مەزدا

دەوروبەری ساڵی ١٩٨٥ بوو، وەکو جاران بەدوای هەندێ کتێبی نایابدا سەردانی تارانم کرد و ئەمجارەیان لەبەر ئەوەی مانەوەکەم زۆری خایاند سەردانێکی ئەنجومەنی زەردەشتیانم کرد و ڕۆیشتمە لای بەڕێز مۆبەد ڕۆستەم شەهزادی کە ئەو کات لە پۆستی مۆبەدان مۆبەد بوو و لە ژووری ڕاوێژی ئەنجومەنی زەردەشتیانی تاراندا دادەنیشت. پیرەمێردێکی ئێسک سووک لە ژوورێکی گەورەدا دانیشتبوو، وێنەیەکی ڕازاوە و هەرە جوانی زەردەشت لە پشت سەریەوە هەڵواسرابوو، چەندین کەس لەوێ دانیشتبوون و کۆڕی قسە و باس و پرسیار و وڵام گەرم بوو. کە چوومە ژوورەوە و درووودم بۆ دانیشتوان نارد هەر هەموویان بەمۆبەدیشەوە بەواق وڕماوی و جۆرە سەرسامی و سەرسووڕمانێکەوە چاویان تێ بڕیم. ئەوەی کە ئەوانی گێژ و سەرسام کردبوو جلوبەرگە کوردییەکەی من بوو، چۆخەوڕانکی هەورامی و کڵاشی نۆدشی و پشتوێنی هەجیجی، نموونەی کوردێکی ڕەسەن و ڕاستەقینە. هێندە حەپەسابوون لەبیریان چوو فەرمووی دانیشتنم لێ بکەن! بۆ ئەوەی لەو سەرسامییە دەریان بهێنم و بێدەنگییەکە بشکێنم گوتم: من جەلیل عەباسیم لە هەورامانەوە. گورج جەنابی مۆبەد هەستایەوە و ئەوانیش بەدوایدا، مۆبەدی پیر و لاواز بەرەو پیرم هات و یەکدیمان لە ئامێز گرت، کاتی ئەملاولا ماچ کردنەکە گوتی: تۆ هەر ئەو جەلیلەیت کە ساڵانێکە نامەمان بۆ دەنێریت و ئێمە لە ڕێگەی نامەکانتەوە دەتناسین و هۆگرتین؟!، لە لای خۆی داینام و ڕوخسەتی خواست کە قسەکانی تەواو بکات چونکە خەریکی وڵامدانەوەی پرسیاری یەکێک لە دانیشتوان بوو، کە قسەکانی تەواو بوون ڕووی تێ کردم و گوتی: دە ئێستا بەخێر بێیت سەر سەرمان، فەرموو قسە بکە. بەدەنگی بەرز بەجۆرێک هەر هەموویان ببیسن گوتم: جەنابی مۆبەد شەهزادی من نەهاتووم پرسیارێک بکەم و وڵامێک ببیسم، من بۆ مەبەستێکی دیکە هاتووم. بەسۆزێکەوە گوتی: جا بۆ هەرچی هاتبی سەرچاومان هاتی و ئێمەش لە خزمەتداین. گوتم: ئەوی ڕاستی بێت من لە هەورامانەوە هاتووم، لە دڵی وڵاتی کوردانەوە، هاتووم ئێوەی بەڕێز بکێشمە پای مێزی مەحکەمەوە! مۆبەد سەری داخست و نوقمی بیرکردنەوە بوو، ئەوانی دیکەش دوو هێندەی تر سەریان سووڕما و سەرسام بوون. گوتم: جەنابی مۆبەد، بەڕێزان، ئێوە لێرە، لەم پایتەختە ئەژدیها ئاسایە (تاران)دا بەئاسوودەیی دانیشتوون و مێژووتان فەرامۆش کردووە، هەر خەریکی گاڵتە و گەپی خۆتانن و هیچ بیرتان لای من نەماوە و ئاوڕێک لە ئاهوورامان نادەنەوە، ئایا دەزانن من کێم و ئاهوورامان کوێیە؟!، من کوردم، کوردی هەورامان، ڕۆڵەی پیرشالیار، و ئاهوورامانیش هەمان لانکەی پێگەیاندنی ئەشوو زەردەشتە کە ئەمڕۆ ئێوە لە بیرتان بردۆتەوە! ئایا ئێوە تا ئێستاش بیرتان لەوە کردۆتەوە کە بزانن هەورامان کوێیە و پیرشالیار کێیە؟، ئایا لەوە ئاگادارن کە بەپێچەوانەی ئێوەی پایتەخت نشینی چەواشەکراو، منی کورد هێشتاش هەر هۆرە و سیاچەمانە و قەتار دەچڕم و باپیرانی من هێشتاش هەموو بەیانییەک بەڵێنی خۆیان لەگەڵ ئەشوو زەردەشتدا نوێ دەکەنەوە

کە ئەندێشە و کردار و گفتاریان چاک بێت؟ ئایا ئێوە بۆ یەکجاریش لە خۆتان پرسیوە بۆچی منی کورد هێشتاش هەموو ساڵێک جەژنی یادی زەردەشت و پیرشالیار دەگرم و شادی دەکەم و زەماوەند دەگێڕم؟! من قسەم دەکرد و پەنجەی تاوانی پشت لێ کردن و ئەمەگ نەناسیم بۆ ئەوان درێژ دەکرد و ئەوانیش بەواق وڕماوی و سەرسامییەوە چاویان تێ بڕیبووم و فزەیان نەدەکرد. قسەکانم بەشیعرێکی شاعیری شەهیدی گواتمالیایی (ئەتۆرنە کاستیلو)ی شەهید کۆتایی پێ هێنا کە پێشتر وەرم گێڕابوو بۆ هەورامی و پاشان گوتم: دەفەرموون وڵامم بدەنەوە و ئەوەش بزانن کە هەر هەمووتان بۆ ئەم وڵامدانەوەیە لە بەرامبەری خودی ئەشوو زەردەشتدا ڕاوەستاون...!

هەر هەموویان و لە پێشیانەوە مۆبەد شەهزادی هەستانە سەرپێ و یاسای ڕەسمیی ڕێز لێنانیان بۆ بەجێ هێنام، دانیان بەتاوانەکانیاندا نا و هەموویان لێ وەرگرتم و داوای لێبوردنیان لە من وەک نموونە و نوێنەری هەموو کورد کرد و من کەوتمە پێشیان و ئەوانیش بەشوێنمدا و پێکەوە هۆرەیەکمان چڕی. لەوەو دوا هەموو ئیمکانیاتی ئەنجومەنی زەردەشتیان و ئەنجومەنی مۆبەدان و ناوەندی بڵاوکردنەوەی فرەوەهرە و کتێبخانەی یەگانەگی و ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی فرەوەهرە و ئێرانی باستان و لاوانی زەردەشتی و...(*) خرایە بەر دەستم بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکانم و دەرفەتیان بۆ ڕەخساندم کە لە سەرجەم تێکست و ڕۆژژمێر و گۆڤارەکانی چیستا و فرەوەهرە و ڤەهوومەن و... کەڵک وەربگرم و ئاشکرایە کە زۆرترین و باشترین سوودم لەو خەرمانە بەپیتە وەرگرت و لەگەڵ زانیاری و ئەزموونەکانی خۆمدا کردمنە یەک و بناغەی کۆکردنەوە و وەرگێڕان و شەرح و شیکردنەوەی (ئاڤێستا)م وەکو پرۆژەیەکی گەورە و درێژخایەن و هەرە بنەڕەتی بۆ جیهانی بەرینی فەرهەنگ و ئەدەب و مێژووی کوردی دارشت.

خوێنەری هێژا، ئەگەر ئێمەی کورد سەرنجێکی ئێستای خۆمان بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمەش خۆمان لە بیر کردووە و لەگەڵ کلتووری خۆماندا نامۆ بووینەتەوە. ڕاستە کە من ئەنجومەنی زەردەشتییەکانم تاوانبار کرد و ئەوانیش دانیان بەتاوانەکەیاندا نا و لە بەرانبەری ئەو ڕاستییەیدا کە پێم ڕاگەیاندن چۆکیان دادا و کڕنۆشیان برد بۆ ئەو ڕەسەنایەتییە هەنووکەییەی کورد، بەڵام لە ڕاستیدا دەبێ دانی پێدا بنێم کە من بەفێڵ و دەسپێشخەرییەکی فریوکارانە ویستم کەموکوڕییەکانی خۆم (وەکو کورد) بشارمەوە و بیخەمە پاڵ دیتران! وەکو پێشینان دەڵێن منی کورد لەو کات و شوێنە پیرۆزەدا «گایەکم لە چاوی خۆمدا نەدەبینی بەڵام پووشێکم لە چاوی ئەواندا دەدیت و گەورەشم دەکردەوە»! کەوابوو با بپرسم: ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە ئێمەش ئاوڕێک لە ڕابردووی خۆمان بدەینەوە و خۆمان بخەینە بەر تیشکی ڕەخنە و لافاوی پرسیار و خودی ڕاستەقینەی خۆمان بەبیری ورد و چاوی کراوەوە بخوێنینەوە؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە توندترین ڕەخنە لە خۆمان بگرین کە بۆچی ڕابردووی خۆمان فەرامۆش کرد و هزر و ئەندێشەمان دەستەمۆی بێگانە بوو و لە خودی خۆمان بێگانە کەوتینەوە؟ ئەی ئایا سەردەمی ئەوە نییە کە بیر بکەینەوە و بزانین ئێمە پێشتر چیمان هەبووە و ئێستە چیمان هەیە؟ پێشتر چیمان لە دەست داوە یا لێمان زەوت کراوە و لە بەرامبەریدا چیمان وەرگرتووە؟!

*- بۆ ئاشنابوونی زیاتری خوێنەری بەڕێز و هەموو ئەوانەی دەیانەوێ ڕوو لە بنەڕەت و ئەسڵی خۆیان بکەنەوە ناوونیشانی ئەو چەند شوێنەی کە ناوم بردن و هەندێ شوێنی دیکەی زەردەشتی لە کۆتایی کتێبەکەدا دێنمەوە.

ئەمڕۆ (٢٠٠٢)ی زایینی، مێژووی سیاسیی کورد (٢٧٠٢) و مێژووی زەردەشت واتە مێژووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کورد (٣٧٧٠)یە! واتە ئێمەی کورد مێژینەیەکمان هەیە کۆنتر لە هی گەلان کە پڕە لە سەروەری و خاڵی درەوشاوە و شانازی و سەرفرازی، واتە ئێمەی کورد ٢٧٠٢ ساڵ لەمەو پێش سیستەم و دەسەڵاتی سیاسیمان هەبووە و ٣٧٧٠ ساڵ لەمەو پێشیش کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی خاوەن شارستانییەت و ڕۆشنبیری بووینە و خاوەنی تێکستی خەت و زمانی ٣٧٧٠ ساڵ لەمەو پێشین، واتە ١٧٦٨ ساڵ پێش مەسیحییەت و ٢٣٤٨ ساڵ پێش عەرەب ئێمە خاوەنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و شارستانییەتێکی ڕاستەقینە و ڕۆشنبیرییەکی بەر فرەوانی ئینسانی بووینە، ئێمەی کورد پێش هەموو گەلانی تر بناغەی سیستەمی ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتیمان دامەزراندووە، ئەی بۆچی ئەمڕۆ ئەوان پێشکەوتوون و ئێمە هێشتاش هەر هەنگاوی بەرەو پاش داوێین؟!

لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن لەبەرچی و بەچ بەڵگەیەک دەڵێم مێژووی زەردەشت مێژووی کوردە و زەردەشت لە ئێمەیە، بۆیە زۆر بەکورتی ئاماژەیەکی پێ دەکەم و دەڵێم:

یەکەم، هەر هەموو بۆچوونەکان لە سەر ئەوە کۆکن کە زەردەشت لە ڕۆژئاوای ئێرانی ئەو سەردەمەوە سەری هەڵدا، هەندێک لایان وایە لە ناوچەی چیچەست (ورمێ) و هەندێک دەڵێن لە کێوستانێک بەناوی فارسیی (گوساله) و هەندێکیش دەڵێن لە (ئێرانوێچ) و دەشڵێن کە ئەم شوێنە هێشتاش نەناسراوە!!من دەڵێم کێوی گوساله حاڵەتی تەفریس کراوی هەمان (کۆسالان)ە لە هەوراماندا و (ئێرانوێچ)یش هەمان (ئورامۆن)ە و (ورمێ)ش حاڵەتی بەهەڵە نووسراوی (ئورامیە)یە و زەردەشت لە خودی هەوراماندا هاتۆتە جیهان و سەری هەڵداوە، (ئەوەمان لە یاد نەچێت کە وشەی ئورامەن واتای لەحنێکی مۆسیقایە لە پالەویدا و ئورومۆن واتە شوێنی پیرۆز.

سەیدی هەورامی دەڵێ:

ئەز ئورومــۆن مــەکــانم بێ وەڵاتم
سەرو پیری خوای گێرەن خەڵاتم

و ئووراماں یانخود هۆرامان واتە ئاهووراماں، واتە شوێن و مەڵبەندی ئاهوورا. خۆ چ هەورامان و چ ورمێ و بەگشتیش چ ڕۆژئاوای ئێران بێت دەکاتە هەمان کوردستانی ئەمڕۆ و ئەم ڕاستییە بۆ کەس ناشاردرێتەوە، کەواتە زەردەشت کورد بووە و لە کوردستاندا سەری هەڵداوە.

دووەم، لە زۆر شوێنی کوردستاندا هێشتاش ئاسەواری سەردەمی سەروەریی ئایینی زەردەشت ماوەتەوە کە بەنموونە دەتوانم ئاماژە بکەمە سەر ئاتەشگەی گەورەی پاوە و ئاتەشگەی پشتی تەوێڵە و ئاتەشگە و چلەخانەی هەورامانی تەخت و ئەشکەوتی کۆسالان و گوندی وەیسەی لای مەریوان و قەڵای گاورا لە کەیمنە و کێوی پێڕۆسەم (پیر ڕۆستەم)ی هەورامان و...، لە هەموو ئەمانەش زیندووتر چلەخانە و گۆڕستان و ڕەسم و یاسای سەردەمی پیرشالیار لە هەورامانی تەختدا. زۆربەی زۆری ناوی کێو و گوند و مێرگ و ئەشکەوت و شوێنەوارە کۆنەکانی هەموو کوردستان و بەتایبەتیش هەموو هەورامان جێ پەنجەی ئایینی زەردەشت و زمانی ئاڤێستایان پێوە دیارە، وەکو: (لهۆن، کەیمنە، دزاوەر، بادینان، ئاکرێ، زەرزا،

زازا، پیــرەوەت، زەردوویی، بایەنگان، وەزەرا، پیــران، زەرینە، بێــرواس و...) ئەمــە ســەرەڕای باری مۆسیقایی کورد کە هۆرە و سیاچەمانە و قەتار بەبێ یەک و دوو تایبەتن بۆ چڕینی گاتاکان و ڕاز و نیاز لەگەڵ ئەهوورادا، سەرەڕای ئەوەش بەسەدان وشە و ڕستە و دەستەواژە لە گاتاکاندا هەن کە ئەمڕۆ هەر بەو شێوەیە لە زمانی کوردی و بەتایبەت لە هەورامان و بادینان و لوڕستاندا ماونەتەوە و بەکار دەبرێن.

سێیەم، گەر بەوردی سەرنجی جلوبەرگی کوردی بدەین دەبینین پشتوێن و کەشیەی ئەمڕۆی ئێمە هەر هەمان (سەدرە و کوشتی)ی سەردەمی زەردەشتە کە بۆمان ماوەتەوە و لەویش بەرجەستەتر ئەوەیە کە ئەمڕۆ بەتایبەتی لە بارزان و لە هەورامانیشدا پیاوی کورد پشتوێنی سێ گرێ دەبەستێت کە ئەویش دەربڕ و پیشاندەری نوێکردنەوەی ڕۆژانەی پەیمانی ئەخلاقیی باپیرانمانە لەگەڵ ئەشوو زەردەشتدا، باپیرانمان هەموو بەیانییەک کە خۆیان کۆ دەکەنەوە سێ گرێ لە پشتوێنەکەیان دەدەن بەمەبەستی دووپاتکردنەوە و داکۆکیکردنە سەر ئەندێشە و گفتار و کرداری چاک، گرێی یەکەم ئەندێشەی چاک، دووەم زمان و گفتەی چاک و سێیەمیش کرداری چاک! خۆ لەسەر نەورۆز و دەسپێکردنی ساڵی تازە نارۆم کە زیندووترین و ئاشکراترین ڕەمز و سیمبولی ئایینی پیرۆزی زەردەشتە کە هێشتاش بەبەرجەستەیی و هەر بەهەمان زیندوویتیی جاران لە ناوماندا ماوەتەوە و هێشتاش هەر وەکو پێغەمبەرەکەمان ڕێزی لێ دەگرین و واتا و فەلسەفەی بۆ قایلین و یادی دەکەینەوە. باپیرانی ئێمە لێک دەپرسن: «ئەرێ قرۆنێ کۆنا یا ماریفەتو پیرێ؟» و زاناکانیش وڵام دەدەنەوە کە: «کورە ماریفەت کۆنتەرا، خۆ قرۆنێ هیزیکە گوشایشە کۆری ئارد»! یانخود ئەو شینگێڕییەی کە بۆ دوای هێرشی عەرەب لەسەر هەورامان و دابی زەردەشتی دەگێڕدرێت کە ئەوە دەسەڵێنێ ئایینی زەردەشت لە هەوراماندا بووە و هێرشی کراوەتە سەر و زەردەشتییەکان کەوتوونەتە بەر شەپۆلی کوێری کوشت و بڕ و تاڵان و بڕۆی عەرەبان و ئەمەش ئاهوورا تووڕە دەکات:

هورمــزگــان ڕمــان ئاتران کــوژان
وێشــان شــاردەوە گــەورە گــاوران
زۆرکــار ئارەب کــردنا خــاپوور
گنا ئی پاڵە هەتا شــــارەزوور
شــەن و کــەنیکا وە دیل بشــینا
مــەرد ئازا تلیــا وە ڕووی هوینا
ڕەوشت زەردەشت مــانۆ وە بێکەس
بزیکا نیکا هورمــز وە هیچ کــەس

ئایا هەموو ئەمانە بەڵگە و فاکتەری زیندووی کوردبوونی زەردەشت و کوردی بوونی ئایینە پیرۆزەکەی نین؟!

ئەوەی کە جێی داخ و کەسەرە ئەوەیە کە دەبینین ئێمەی کورد بەو هەموو سامانە دێرینەیەمانەوە لە ساڵی (٨٠)ی کۆچی مانگی بەدواوە، بەرەبەرە هەموو شتێکمان لێ دزرا و مێژووی پرشنگدارمان لێ

تێکدرا و هیچمان بۆ نەمایەوە.

دکتۆر عەبدولحسێن زەرین کووب لە کتێبی «دوو سەدە بێدەنگی»دا باس لە سەرەتاکانی هێرشی عەرەب دەکات بۆ سەر ئێران و دوو سەدەی سەرەتای دەسەلاتداریەتی عەرەب و بێدەنگ و کپ کردنەوەی ئێرانییەکان شی دەکاتەوە و دەڵێ گەلانی ئێران بەو هەموو شارستانییەتە کۆن و دێرینەیانەوە لەو دوو سەدەیەدا نوقمی بێدەنگی کران و هەموو شتێک و تەنانەت کتێب و زمانیشیان لێ زەوت کرا. بەڵام دکتۆر ئەوەش دەڵێ کە لە سەدەی سێیەمەوە ئێرانییەکان بیریان کردەوە و بەخۆیاندا هاتنەوە و دەستیان بەچالاکی کرد بۆ بووژاندنەوەی سامانی دێرینیان و...!

ئەی ئێمەی کورد چی؟ ئایا ئێمەش بەخۆماندا هاتینەوە و ئەو بێدەنگییە داسەپاوەیەمان تێکشکاند و هاواری خۆمان بەرەو ڕووی داگیرکاران دەربڕی؟! بەداخەوە دەبێ بڵێین نا. ئێمە تەنیا و تەنیا لە سەرەتاکانی هێرشی عەرەبدا بەرگری و بەربەرەکانێمان کرد و خۆمان بەدەستەوە نەدا کە ئەویش بووە هۆی ڕژانی خوێنی ڕۆڵەکانمان و کاتێکیش کە داگیر کراین و هەموو شتێکمان لێ زەوت کرا و بووینە دیلێکی زنجیر لەدەست و کۆت لە ملی بێگانە و تەنانەت هەست و نەست و هەناسەی خۆشمان لە دەست دا، هەرچی ئەوان گوتیان بەچاوی بەستراو کردمان و هەر جۆر ویستیان ئاوا بووین، جارێ بۆ جارێ بەڕوویاندا نەتەقینەوە و کلتوور و کەلەپووری دێرین و ڕەسەنی خۆمان بەڕوودا نەدانەوە و لە بەرامبەریاندا نەوەستاین و پێمان نەگوتن: «هۆی... دەشتەکییە بێ پێلاوە مزووک خۆرەکان، ئێمە دەوڵەتین»!

بەڵێ کپ بوونەوە و بێدەنگییەکەی ئێمەی کورد نەک دوو سەدە بەڵکو ١٤سەدەی خایاند! بەڵام بەخۆشحاڵییەوە جیلی ئەمڕۆی کورد ڕاچەنیوە و خەریکە بەخۆیدا دێتەوە و چاو دەگێڕێ بەدوای خودی ونبوویدا و دەشزانین سەردەم نە سەردەمی شیری دوودەم و گورزی حەوت سەر و نە هیچی ئەفسانە و ئەفسوونە بەڵکو سەردەمی سەرهەڵدانەوە و ژیاندنەوە و دیالۆگ و پێکەوە ژیانی هەموو کلتوور و شارستانییەتەکانە، بۆیە دەبێ هەل و دەرفەتەکە بقۆزینەوە و هەوڵ بدەین بەجیلەکانی ئایندەمان بڵێین کە ئێمە کێ بووین و کێین، چیمان هەبووە و هەمانە، لەکوێوە هاتووین و بەرەو کوێ دەڕۆین و بەکوێ دەگەین، بۆچی ئێمەی نەتەوە تووشی قەیرانی کەسییەتی هاتووین و لەچیدا بزربووین و دەبێ بەدوای چیدا بگەڕێین و چۆن و لە کوێ بیدۆزینەوە؟

پێویستە ئەم پرسیارە هەرە گرینگ و زیندووکەرەوانە لەناو بیر و هەست و نەستی جیلی ئەمڕۆدا بوروژێنین و بیخەینە سەر ڕێ بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکانیان چونکە دۆزینەوەی وەڵامی ڕاستی ئەو پرسیارانە هەمان دۆزینەوە و ناسینەوەی کەسییەتیی دزراوی ئێمەی کورده، ئەم هەوڵەی منیش هەر لەو ڕێبازەدایە و دەکرێ بڵێم هەنگاوی یەکەمە بەرەو ڕێگای دۆزینەوەی (خود)و ناسینەوەی ڕابردوو و دامەزراندنەوەی بناغەی ئەندێشەی چاک و هەستی خاوێنی کوردی بەمەبەستی زووتر گەیشتنمان بۆ لووتکەی سەربەستی و سەربڵندی.

من چیم کردووە؟!

لەم پێشەکییەدا باسی دامەزراندنی ئەم پرۆژەیەم کرد، لێرەشدا بەپێویستی دەزانم کە بڵێم دەمتوانی دەقێکی ئاڤێستا بگرمە دەستمەوە و زۆر بەئاسانی وەری بگێڕمە سەر زمانی کوردی و بەئاسانیش چاپ و بڵاوی بکەمەوە بەڵام ئەوەم بەباش نەزانی و بەتایبەتیش دەمویست خوێنەری کورد بەتەواوەتی ئاڤێستا بناسێت و هیچ نەبێ نزیکی وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بکەوێتەوە بۆیە ڕێگاکەی خۆم دوورتر خستەوە و هەوڵ و زەحمەتەکەم دوو چەندان کرد و هاتمە سەر ئەو ڕایەی کە تەنیا وەرگێڕانێکی سادە و ساکار و سەرەتایی نەبێت بەڵکو کۆکردنەوە و وەرگێڕان و شەرح و لێکدانەوەیەکی تەواوی دەقە ئاڤێستاییەکان بێت هەر بۆیەش نیمچە کتێبخانەیەکم لەبەر دەستی خۆمدا دانا و لەناو هەموویاندا گەڕام بەدوای ڕاستەقینەترین دەقدا بەجۆرێک کە بۆ لێکدانەوەی وشەیەک یانخود دەستەواژە یا تەعبیرێک جاری وا هەبووە کە ١٠، ١٢ کتێبم خوێندوونەتەوە تا گەیشتوومەتە مەبەستی تەواو. ئەو بەرهەمانەش کە بۆ ئەم کارە سوودم لێ وەرگرتوون بریتین لە:

١- اوستا، کهنترین سرودهای ایرانیان، ج١و٢، گزارش و پژوهش: د.جلیل دوستخواه چاپ چهارم ١٣٧٧ تهران انتشارات مروارید.

٢- گاتها، سرودهای زرتشت ج١و٢، ترجمه و تفسیر:موبد فیروز آدر گشسب ١٣٥٩ تهران انتشارات فروهر.

٣- اوستا، نامه مینوی آیین زرتشت (از گزارش استاد پورداود)، د.جلیل دوستخواه، چاپ پنجم ١٣٦٤ تهران انتشارات مروارید.

٤- دانشنامه مزدیسنا، د.جهانگیر اوشیدری، چاپ اول ١٣٧١ تهران نشر مرکز.

٥- فرهنگ واژه‌های اوستا، ج ١تا٤، فریدون جنیدی و احسان بهرامی، ١٣٦٩ تهران نشر بلخ.

٦- بررسی یسنا، بخشهای ١و٢و٣، مراد اورنگ، ١٣٤٠ تهران.

٧- اوستا، سرودهای زرتشت، هاشم رضی ١٣٧٤ تهران انتشارات فروهر.

٨- زندگی و مهاجرت آریاییان، فریدون جنیدی.

٩- مجموع دفترهای نامه فرهنگ ایران، فریدون جنیدی.

١٠- حقوق بشر در جهان و حقوق جهان در ایران باستان، فریدون جنیدی.

١١- دو قرن سکوت، د. عبدالحسین زرین کوب، ١٣٧٨ تهران.

١٢- ایران از آغاز تا امروز، گیرشمن، ترجمه محمد معین، چاپ دوازدهم ١٣٧٩ تهران.

١٣- سیری در آموزش گاتها، موبد رستم شهزادی، ١٣٧٤ تهران.

١٤- زرتشتیان یکتا پرست هستند، موبد رستم شهزادی، ١٣٦٤ تهران.

١٥- دین و دانش، موبد رستم شهزادی، ١٣٥٧ تهران.

١٦- آیین میترا، مارتن ورمازرن، ترجمه بزرگ نادر زاد، ١٣٥٧ تهران.

١٧- اکنون میان دو هیچ، فردریش نیچه، ترجمه علی عبدالهی، چاپ چهارم ١٣٧٧ تهران.
١٨- مجموع ماهنامه‌های: چیستا، فروهر، وهومن و رۆزشمارهای انجمن زرتشتیان.
١٩- چنین گفت زرتشت، فردریش نیچه، ترجمه داریش آشوری چاپ دهم ١٣٧٦ تهران.
٢٠- زرتشت نیچه، پیرابر و سوفرن، ترجمه بهروز صفدری، ١٣٧٦ تهران.
٢١- فلسفه زرتشت، د.فرهنگ مهر، ١٣٧٨ تهران.
٢٢- نگرشی بر اسلام و زرتشت، موریس شیخی، ١٣٧٦ تهران.
٢٣- اسطوره زندگی زرتشت، ژاله آموزگار و احمد تفضلی ١٣٧٥ تهران.
٢٤- نبرد اندیشه‌ها در ایران پس از اسلام، فریدون جنیدی ١٣٥٩ تهران.
٢٥- گاهشماری باستانی مردمان مازندران و گیلان، نصرالله هومند، ١٣٧٤ تهران.
٢٦- زمانی ئاڤێستا، سۆکۆلۆڤ، و. محەمەدئەمین هەورامانی ١٩٨٨ بەغدا.
٢٧- زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورد دا، محەمەدئەمین هەورامانی، ١٩٨١ بەغدا.
٢٨- فەرهەنگی ئیریەن ڤاچ، محەمەدئەمین هەورامانی، ١٩٨٦ بەغدا.
٢٩- زرتشت و تعالیم او، هاشم رضی
٣٠- ڕاهنمای دین زرتشتی، هاشم رضی
٣١- یشتها، ج١و٢، ابراهیم پورداود
٣٢- گاتها، ابراهیم پورداود
٣٣- پیام زرتشت، د.علی اکبر جعفری
٣٤- آیین زرتشت و تاثیرآن در شرق و غرب، مهرداد مهرین
٣٥- آیین ڕاستی، مهرداد مهرین
٣٦- ویژگیهای آیین زرتشت، مهرداد مهرین
٣٧- پژوهشی در آرمان پارسایی در ایران، د. حسین وحیدی.
٣٨- زانیاری و ڕاوێژ و لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانی خۆم لەسەر هەورامان و زەردەشت و...، دەبێ وەکو ئەمانەتداریيەک بڵێم کە زۆرترین سوودم لە بەرهەمەکانی خاڵی (١و٢) وەرگرتووە و بناغەی کارەکەم لە سەر ئەو دوو بەرهەمە بەپێزە داڕشتووە.

خوێنەری هێژا، ئەم بەرهەمەی لەبەر دەستایە بەرگی یەکەمی پرۆژەیەکی شەش بەرگییە لەسەر ئاڤێستا و هیوادارم هەنگاوی یەکەمم سەرکەوتووانە هاویشتبێت و هەوڵ و هەنگاوەکانی دواتریشم بگەنە ئەنجامێکی دڵخواز بۆ سوودی تۆی بەڕێز و دەوڵەمەندتر کردنی کتێبخانەی کوردی بەم سامانە دێرین و ڕەسەن و دەوڵەمەندە، سوپاس و پێزانینی خۆیشم لە ناخی دڵمەوە ئاراستەی هەموو ئەو دۆست و هاوڕێ و هاوکارە خۆشەویستانەم دەکەم کە هەر یەکە بەجۆرێک وڵامی داخوازییەکانیان دامەوە و هانیان دام و هاوکارییان کردم.

ئێستاش بۆ ئاشنابوونی سەرەتایی خوێنەری بەڕێز بەهەندێ خاڵی سەرەکیی ئایینی پیرۆزی زەردەشت ئەویش بەشێوەیەکی خێرا و کورت و چڕ و پڕ، دەلاقەیەک لە ڕووی چەند خاڵێکی گشتیی ئەم ئایینە پیرۆزە دەکەینەوە و دواییش پێکەوە دەروازەی ئەم کتێبە مەزن و مێژینەیەمان لە زمانی مامۆستا (جەلیل دوستخواه)ەوە دەخەینە سەر گازەرەی پشت.

بژی ئەشا و سڵاو بۆ ئەشوویی و درود بۆ فرەوەهرەی پاک و پیرۆز

جەلیل عەباسی
هەولێر - بەهاری ٢٠٠٢ی زایینی
٢٧٠٢ی کوردی و ٣٧٧٠ی زەردەشتی

دەلاقە

ئەهوورا مەزدا: ئەهوورا مەزدا یا ئەهووره مەزده یانخود مەزدا ئەهووره ناوێکە کە ئەشوو زەردەشت لە ئاڤێستادا بۆ خوای تاقانەی بەکار هێناوە کە دەبێ بڵێین دیاریکردن و ناسینی خواوەند و داهێنەرێکی تاقانە بەناوێکی تایبەتییەوە لە مێژووی مرۆڤدا بۆ یەکەمجارە و وەک یەکەمین کەسیش هەر لە لایەن زەردەشتەوە هاتۆتە گۆڕێ. ئەم ناوە سەرەتا لە زمانی زەردەشتەوە لە گاتاکاندا هاتە ئاراوە و پاش چەندین سەدە لە زمانی گاتاکانەوە هاتە ناو سەرجەم ئاڤێستا و گەیشتە ناو زمانی (پارسیی کۆن) واتە (فۆرس) کە زمانی سەردەمی هەخامەنشییەکان بوو. دواتر هاتە ناو زمانی پاڵەوی و لەوێشەوە بۆ ناو زمانی فارسی کە لەم زمانەشدا هەندێ گۆڕانکاریی بەسەردا هات وەک: هورمەزد، هورموزد، ئورمەزد، هرمز، ئورمەز و هرمزد کە هەر هەموویان کورتکراوەی هەمان «ئەهورەمەزدە»ن کە بوو بەخواوەندی تاقانەی ئێرانی دێرین. ئەشو زەردەشت لە سەرەتای زۆربەی ڕازونیازەکانیدا ئەم دەستەواژەیە دەڵێتەوە: «خشنە ئوترە ئەهوورا مەزدا» واتە بەڕەزامەندی ئەهوورا مەزدا. ئەم دەستەواژەیە دوو وشەی سەربەخۆن: (ئەهووره) + (مەزده) و دەبینین زۆر جار لە ئاڤێستادا بەجیا هاتوون واتە ئەهووره هاتووە و پاش چەند وشەیەک مەزده یانخود زۆر جار بەشێوەی (مەزدا ئەهووره) دێت واتە مەزدا دەکەوێتە پێش ئەهووره‌وە. وشەی ئەهوورا لە ئاڤێستادا و (ئەسوور) لە ڤێدادا هەردووکیان لە ڕیشەی «ئەسوو» وەرگیراون کەبە واتای سەروەر و دۆست دێت. (مەزدا)ش کە لە سانسکریتدا «مێزەس»ی پێ دەوترێت بەواتای هۆش و هزر و زانست هاتووە و بەگشتی لەناوی (ئاهوورا مەزدا)ش واتای دۆستی هۆشمەند، سەروەری زانا، ئەمیری ئاگا و یاوەری ژیر دراوەتە دەست کە ئەمیش پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە سەرەتای ئەلفوبێی ئایینی زەردەشت لەسەر دۆستایەتی و ژیری و ئەقڵانییەت دامەزراوە، خۆ ئەگەر سەرنجی ئەو سیفەتانەش بدەین کە لە (یەشت)ەکاندا دراونەتە پاڵ ئەهوورا، ڕاستییەکەمان جوانتر دەست دەکەوێت بۆ نموونە (خڤەرێنەڤەنت) واتە خاوەنی فەڕ و شکۆ، (رەئێڤەنت) واتە خاوەنی ڕووناکی و شکۆ، کە لە پاڵەویدا بۆتە ڕایوومەند. یانخود زانای هەموو شت و ڕاستیی ڕاستەقینە و نوور و پاک و زانیار و...، دیارە وشەی (هۆرە)ش هەر یادگارێکە لەو ناوە پیرۆزە ماوەتەوە بۆمان کە باپیرانمان بۆ پاراستنی خستوویانەتە پاڵ بەشێک لە مۆسیقای کۆنمان و ئێستاش کە دەڵێین هۆرەچڕ مەبەستمان ئەو کەسەیە کە ڕازونیاز لەگەڵ ئەهوورادا دەکات یانخود کە دەڵێن (هۆرە بچڕە) واتە بانگ بکە لە ئەهوورا، واتە لەگەڵ ئەهوورادا قسە بکە، ئاشکرایە کە ئەم بانگکردن و قسە کردنەش لە ڕێگەی گاتاکانەوە بووە.

زەرەتوشترە (زەرەت ئاسترە): زەردەشت ناوی پێغەمبەری دێرینی ئایینی مەزدیەسنا و یەکەم مامۆستای فەلسەفە لە مێژووی مرۆڤە. زەردەشت بەواتای ئەستێرەی ڕووناک و تیشکی زێرین

دێت. هەندێک کەسی وەک موولێر دەڵێن زەردەشت واتە خاوەنی وشتری زەرد، کاسێل دەڵێ زەردەشت واتە کوڕی ئەستێرە، دەهارلەی بەلژیکی واتای (رووناک و زەرد وەک زێڕ)ی داناوە و بارتۆلە دەڵێ واتای خاوەنی وشتری پیر دەدات. ئەم فەرق و جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گاتاکان زمانێکی هەرە دێرینیان هەیە بۆیە هەر کەسە و بەپێی بۆچوونی خۆی خوێندوونیەتەوە کەچی گەر جوانتر وردبینەوە دەبینین ڕاستییەکەی هەمان (ئەستێرەی ورشەداره) چونکە وشەی (زەرەنت) واتە ورشەدار و (ئاسترا)ش واتە ئەستێرە و ئەویش لە ڕاستیدا (زەرەنتوئاسترە)یە نەک زەرەت ئوشترە.

ئاڤێستا: وشەی ئاڤێستا بەواتای ئەساس، بنەما، دەقی ئەسڵی، بنەڕەت، پەنا، یاریدە دێت و بەگشتیش تایبەتە بەکتێب و نووسراوە زەردەشتییەکان و خەت و زمانی ئەو نووسینانە. ئاڤێستا لە پاڵەویدا (ئەڤێستاک)ە و لە دەقە مێژووییەکانی عەرەبیشدا بەشێوەی جۆراوجۆر نووسراوە وەک: بستاه، ابستاه، الابستاه، البستاه، البستاق و..... گۆڵدنەر لە زمانی پرۆفیسۆر (ئاندەرئاس)ەوە دەڵێت:



وشەی ئاڤێستا لە وشەی (ئوپەستا) وەرگیراوە و واتای بنەما و دەقی ئەسڵی دەدات. لە شیکردنەوەی پاڵەویی ئاڤێستادا وشەی (ئەپەستان) هاتووە بەواتای پشتگری کە لە زمانی ئەرمەنیشدا هەیە (ئەپەستەن) بەواتای متمانە و پشت پێ بەستن. (والا) زانای پارسیی هیند پێی وایە وشەی ئاڤێستا لە (ڤید)ەوە هاتبێ کە بەواتای زانین دێت و مەبەستیش هەمان ئەقڵانیەت و مەعریفە و زانستە. ئاڤێستا یەکەمجار لە سەردەمی بلاشی یەکەمی ئەشکانی و دواتر لە سەردەمی ساسانیەکان کۆکرایەوە و پاشان شیکردنەوەیەکیان بەزمانی پاڵەوی لەسەر نووسی بەناوی (زەند) و دواتریش شیکردنەوەیەکی زەند نووسرا و ناویان لێ نا (پازەند) کە زمانەکەی پاراوتر بوو لە زەند و وشەی ئارامی (هۆزڤارەش)ی تێدا نەبوو. ئاڤێستای ئەمڕۆ پێنجیەکی ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکانی لێ ماوەتەوە و ئەوی دیکەی بەهۆی دەستدرێژی و تاڵان و بڕۆی دوژمنان بەدرێژایی مێژوو لە نێوچووە.

ئایینی مەزد یەسنا: ئایینی پێغەمبەری مەزنی مێژینەمان ئەشوو زەردەشتی ڤەخشوەر ناسراوە بە(مەزدیەسنا) ئەمەش سیفەتێکە بەواتای مەزدا پەرست دراوەتە پاڵ ئایینی پیرۆزی زەردەشت. مەزد یەسنا پێکهاتووە لە دوو وشە (مەزد+ یەسنا) وشەی یەکەم واتە مەزد کورتکراوەی مەزدایە و وشەی دووەمیش واتە یەسنا هەمان یەسنایە کە بۆتە بەشێک لە ئاڤێستا و بەواتای پەرستش و ڕاز و نیاز هاتووە، سەرجەم وشەکەیش (مەزدیەسنا) واتە مەزدا پەرستی، واتە ئایینێک کە مەزدا (خوای تاقانە) دەپەرستێت و زۆرتریش مەبەست لەو ئایینەیە کە ئەشوو زەردەشت هێناویەتی. مەزد یەسنا دەکەوێتە بەرامبەری (دێو یەسنا) کە واتای دێو پەرستی دەدات، واتە ئایینی ڕاستی خوازی لە بەرامبەر درۆ

پەرستی، تاقانە پەرستی لە بەرامبەر دێو پەرستیدا. دێو یەسنا لە ئاڤێستادا زۆرتر بۆ تووراننییەکان هاتووە کە دژی ئایینی یەکتا پەرستیی زەردەشتیان بوون.

فرەوەهرە: لە ئاڤێستادا پێنج هێزی دەروونی بۆ مرۆڤ لە بەرچاو گیراون بەناوەکانی: ١- ئەهو ٢- دەئێنا ٣- بەئوزە ٤- ئورڤەن ٥- فرەوەشی یا هەمان فرەوەهرە. ئەم واژەیە لە واتادا هەڵگر و پارێزەر دەگەیەنێت و وەک دیارە یەکێکە لە هێزە مەعنەوییەکانی مرۆڤ. فرەوەشی دەبێتە ڕۆحی مرۆڤ و تا مرۆڤ زیندووە لە گەڵیەتی و لە ئاکاری خراپ و ناشایست دەیپارێزێت و پاش مەرگی مرۆڤ بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێت. لە بەشی یەکەمی بڕگەی حەوتەمی (بوندەهێش)دا دەڵێت: «بەر لە ئەفراندنی جیهانی مادی، ئەهوورا مەزدا عالەمی مەعنەویی فرەوەشیی داهێنا» فرەوەهرە هەر لە سەرەتای خولقاندنی مرۆڤەوە تا کاتی مەرگی دەبێ هاوڕێی بێت و بیپارێزێت. فرەوەشی کاینێکی مەعنەویی پیرۆزە و دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت، دەبینین درێژترین (یەشت) لە ئاڤێستادا کە (فەروەردین یەشت)ە تایبەتە بەفرەوەشییەوە. ئەم ناوە (فرەوەشی) لە زمانی هەخامەنشی (فۆرس)دا (فرەوەرتی) و لە پالەویدا (فرەوەهرە) و لە فارسیی دەریدا (فرەوەر) یانخود (فرەوەرد)ە و فرەوەردین یانخود فەروەردین هەر لەوەوە وەرگیراوە. جاروبار (نیگارە) هێمایەکی پەیکەر ئامێز دەبینین کە بەداخەوە هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسەکان بەشێوەیەکی نازانستیانە داویانەتە پاڵ ئەهوورا مەزدا و کەسانێکیش لە ڕووی ناحەزی و نەیاری و بەدخوازییەوە ئەو بۆچوونە چەواشە و هەڵەیەیان پەرە پێ داوە لە حاڵێکدا کە ئەم بۆچوونە زۆر هەڵە و ناڕاست و نازانستیانەیە و زەردەشتییەکان هیچ کاتێک ئاوەها بیریان نەکردۆتەوە بەڵکو بۆ ناساندن و بەدیار خستنی زۆرتر و ئاشکراتری واتا و فەلسەفەی فرەوەشی ئەو نیگارەیەیان بۆ داناوە و هەر واتایەکیان کردۆتە بەشێک لەو نیگارەیە. ئەگەر لە نیگارەکەی فرەوەشی ورد بینەوە دەبینین کە شکڵ و شێوەی پیرەمێردێکی نوورانیی هەیە بەکەللەسەر و دووباڵ و دوو هەڵقەوە و لە خوارەوەش دوو گۆی خرت کە دەکرێ ئێمە بە(قاچ) ناویان بەرین. لێرەدا بۆ دەرخستنی ڕاستیی مەسەلەکە باسی یەکەیەکەی ئەندامانی ئەو نیگارەیە دەکەین:



١- پیشاندانی فرەوەشی وەک پیرەمێردێکی نوورانی ئاماژەیە بەمرۆڤی چاکەخواز کە بڕوای بەئەهوورا مەزدا و زەردەشت و ڕاستی و پاکی هەبووە و ساردی و گەرمیی ڕۆژگاری زۆر دیوە و ئەزموون و تەجروبەی لە سەر ژیان زۆرە و دەبێ ئەخلاق و کردار و خوو و ڕەوشت و ئەزموونەکانی بکرێنە سەرمەشق و ڕێ پیشاندەر بۆ بەرەی ئێستا و ئایندەش.

٢- دەستی ڕاستی پەیکەرەکە بەرەو لای سەرەوە ڕاکێشراوە کە پێمان بڵێت یەزدانی تاقانە لە یاد مەکەن تا بتوانن بەتۆشەیەکی پڕ لە گفتە و کردە و ئەندێشەی چاک و بەسەربەستی و شانازییەوە بگەڕێنەوە بەرەو لای.

٣- ئەو هەڵقە بچووکەی کە لە دەستی چەپیدایە، ئاماژە بەپەیمانێک دەکات کە مرۆڤی چاک لەگەڵ ناخی خۆیدا بەستوویەتی بۆ پێڕەوی و بەکار بەستنی دەستوورات و یاساکانی پەروەردگار یانخود دەشتوانین بڵێین کە ئەوە ڕەمزی مرۆڤە لە دەستی فرەوەهردا و مەبەست ئەوەیە کە فرەوەشی مرۆڤ دەپارێزێت.

٤- دوو باڵەکەی نیشانەی بەرەو پێش چوون و پێشکەوتە بەئەندێشەی بەرز و بیری وردەوە.

٥- سێ بەشی ناو باڵەکانیش نیشانەی (ئەندێشەی چاک، کردەوەی چاک، گفتەی چاک)ن کە دەبێ مرۆڤ خۆی پێیان بڕازێنێتەوە و بەو سێ هێزە تایبەتەوە بژیت و ڕوو لە ئایندەیەکی گەش بکات.

٦- ئەو هەڵقە گەورەیەی کە لە کەمەری پیرەمێردەکەدایە نیشانەی ژیان و ڕۆژگاری دوور و درێژە کە ئینسانی تێدایە و مرۆڤ دەبێ وا بژیت و وا ئەو ڕۆژگارە بەسەر بەرێت کە سەرفراز بێت و پاش مەرگیش، ڕۆحی بەپاکی و سەرفرازی بەرەولای یەزدان بگەڕێتەوە.

٧- ئەو دووخەتە کە دوو (گۆ)یان پێوەیە و دەکەونە ژێرەوەی پەیکەرەکە نیشانەی (سپەنتەمینوو ئەنگەرەمینوو)ن واتە دوو سیمبولی خێر و شەڕ کە دەبێ مرۆڤ خۆی بداتە پاڵ سپنتەمینوو سەربکەوێ بەسەر هێزی شەڕدا و شەڕ و خراپە و درۆ لەناو بەرێت و جیهان ئاوەدان بکاتەوە.

٨- هەر لە هەمان بەشی خوارەوە وەک کۆتایی باڵەکان سێ بەشی دیکە دەبینرێت کە ئەویش نیشانەی ئەندێشە و گفتە و کردەوەی خراپە و ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ دەبێت بەهێزی سپەنتامینوویی و بیری چاک و زمانی چاک و ڕەوشتی چاک سیفەتە خراپەکان لە خۆی دوور بکاتەوە و ڕۆح و وجودی خۆی بپاڵێوێت و ببێتە مرۆڤێکی ڕاستەقینەی پاک و چاک و ڕاستیخواز.

ئاهووراما: ئاهووراما هەمان دێرینە مەڵبەندی شارستانییەتی مرۆڤایەتی و بەتایبەتی نەتەوەی کوردە کە دەتوانین بڵێین سەرەتای شارنشینی و نیشتەجێ بوون و هەرواش سەرەتای ئاژەڵداری وەک بناغەی سەقامگیری و هزری ئابووری و سەرەتای هونەری شانۆ و سەما وەکو نموونە و ڕەمزی شۆڕش و بەرهەڵستکاری لەوێدا سەری هەڵدا و هاتە نێو بیر و مێشکی مرۆڤەوە. ئەم ناوە کە تا ئێستاش شەڕە قسەی لە سەر بەردەوامە بۆ ساغکردنەوەی واتاکەی (و دەتوانم بڵێم کە من یەکەم کەس بووم کە بەپشت بەستن بەدەلیل و بەڵگەی ئەقڵی و مێژوویی و بەپێی فاکتی دێرینەناسی واتای ئەو دەستەواژەیەم ساغ کردۆتەوە و لە چەندین وتار و بابەتی جۆراوجۆر و لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا بڵاوم کردۆتەوە)، بەچەند شێوە دەخوێنرێتەوە وەکو: ئوورامان، ئوورامەن، ئوورۆمۆن، ئوورمەن، هەورامان، هۆرامان و بەتەعبیری منیش ئاهووراما. کە جگە لە دوو وشەی ئوورۆمۆن و ئوورامەن ئەوانی دیکە هەر هەموویان لە (ئاهووراما)وە سەرچاوە دەگرن، واتە

ئاهوورامان کورت کراوەتەوە و لە فارسییەکەدا بۆتە (ئوورامان) و لە کوردییەکەشدا بۆتە هەورامان و هۆرامان و لە هەر کام لەو وشانەدا گۆڕانکارییەکی ئاسایی بەسەر پیتی (ئا) و (ه)دا هاتووە. بەڵام وشەکانی ئوورامەن و ئوورۆمۆن بۆ خۆیان جیان و هەر کامە واتایەکیان هەیە: ئوورامەن ناونیشانی لەحنێکی مۆسیقایی پالەوییە و ئوورۆمۆنیش ناوی ڕەسەن و دێرینی خودی هەورامانە کە بەواتای شاری پیرۆز دێت: ئوور واتە شار و مۆن واتە پیرۆز. ئەم ناوە پاش سەرهەڵدانی ئەشوو زەردەشت و بڵاوبوونەوەی ئایینی پیرۆزی مەزدیەسنا گۆڕدراوە و بۆتە ئاهوورامان کە ئەمیش بەواتای جێگەی ئاهوورا دێت (ئاهوورا + مان) واتە شوێنی ئاهوورا کە مەبەست هەمان ئەهوورا مەزدای خواوەندی ئایینی زەردەشتییە. هەموو ئەمانەش جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە ئاهوورامانی پیرۆز یەکەم بێشکەی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئەشوو زەردەشتە.

دەروازە

١- سەردەم و شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت:

٢- مێژووی نووسینی ئاڤێستا:

٣- مێژینەی ئەم کتێبە لە سەرەتاوە تا ئێستا:

***

١- سەبارەت بەسەردەمی ژیانی (زەردەشت) خاوەنی پێنج گاتا، (گاتا پێنجینەکان) هێندە ڕا و بۆچوونی جۆراوجۆر و دژ بەیەک دەربڕدراون کە توێژەر تووشی سەرسامی و سەرگێژە دەکەن. ڕیوایەتە خۆماڵییەکانی لای زەردەشتییەکان سەردەمی ژیانی زەردەشت دەگەڕێننەوە بۆ نزیکەی سێ سەد ساڵ پێش ئەسکەندەر واتە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەم تا سەرەتاکانی سەدەی شەشەم (٦٦٠ تا ٥٨٣پ.ز).

ئەم ڕیوایەتە کە لە ڕووی دەقەکانی پارسیی ناونجیی[١] (بوندەهێش)ەوە وەرگیراوە، ڕۆژی لە دایکبوونی زەردەشت بەڕۆژی خورداد دەزانێت کە دەکاتە شەشەمی مانگی فەروەردین (خاکە لێوە) و سەرەتای دەست پێکردنی چوارەمین هەزار ساڵەی داهێنانی جیهان،[٢] دیاریشە کە ئەم ڕوانگەیە دەگەڕێتەوە بۆ کارتێکردنی ڕوانگە ئوستوورەییەکان. یەک لەو بەڵگانەی کە خوازیارانی ئەو نووسراوەیە بۆ سەلماندنی ڕاستیی بۆچوونەکەیان دەیهێننەوە ئەوەیە کە ئەوان (ویشتاسپە) باوکی داریۆشی یەکەم لەگەڵ (کەوی ویشتاسپە - کەی گشتاسب)ی دەسەڵاتداری سەردەمی زەردەشتدا بەیەک کەس دەزانن، لە حاڵێکدا کە ئەگەر ئەو دوو ناوە هی یەک کەس بن و زەردەشت لە سەردەمی داریۆشدا ژیابێت، یەکەم، دەبوو لە کەتیبەکانی داریۆشدا هەروەک چۆن لە ئاڤێستاشدایە، ویشتاسپە بەکەوی ویشتاسپ ناو ببرایە لە حاڵێکدا کە وا نییە، دووەم، چۆن دەکرێ بڕوا بەوە بکەین کە زەردەشت پێغەمبەری مەزدا پەرستان لە سروودە ئایینییەکانی خۆیدا ناوی ویشتاسپ بەڕێز و حورمەت و درود و سوپاسەوە بەرێت لە حاڵێکدا کە فرمانبەرێکی داریۆش بووە کەچی ئاماژەیەکیش بەداریۆش نەکات بەو هەموو ناوبانگەیەوە، یانخود داریۆش لە کەتیبەکانی خۆیدا ناوی ئاوەها پێغەمبەرێکی مەزن و دادپەروەری سەردەمی خۆی نەبردبێت؟[٣] لەلایەکی ترەوە، زەردەشت کە بەپێی ئەو ڕیوایەتە لە ناو پارسییەکاندا ژیاوە، بۆچی گاتاکانی خۆی بەزمانێکی جیا لە زمانەکەی ئەوان واتە زمانی کەتیبەکانی هەخامەنشی یان پارسیی کۆن هۆنیوەتەوە؟ سەرەڕای هەموو ئەمانەش دەبێ ئەوەمان لە بیر بێت کە لە ئاڤێستادا کەوی ویشتاسپە کوڕی (ئەور وەت ئەسپە) «لەهراسب»ە، لە حاڵێکدا کە لە مێژووی هەخامەنشییەکاندا، ویشتاسب بەباوکی داریۆش و کوڕی (ئەرشامە) زانراوە.

لە بەرانبەری ئەم ڕیوایەتەدا، زانایان و لێکۆڵەرانی ئاڤێستا ناس بەپشت بەستن بەبەڵگەی کۆمەڵناسی و زمانەوانی و دیکەی زانیارییەکان، گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە سەردەمی ژیانی زەردەشت لە نێوان ١٥٠٠ تا ٨٠٠ی پ.ز.[*] دابووە و زۆرتریش داکۆکی دەکەنە سەر نزیکەی هەزار

*- جگە لەوانەش دەکرێ ئاماژە بەڕای ئەفلاتوون کە (٦٠٠٠) ساڵ پ.ز. و هەروا خسانتۆس کە (٦٥٠٠)ی پ.ز.ی بۆ دادەنێت بکەین، بەڵام لە نێوان هەموویاندا مێژووەکەی مامۆستا زەبیحی بەهروز ڕاستە کە خۆی پسپۆڕی ڕیازیات و نجوومە و بەحیساباتی زانستی ١٧٦٨ی پ.ز.ی بۆ داناوە و ئێمەش بڕوای پێ دەکەین و بەهەندی وەردەگرین.

ساڵ پ.ز. کە ئەویش کەم تازۆر هاوکاتە لە گەڵ سەردەمی کۆچکردنی ئاریاییەکان لە ناوچەکانی ئاسیای ناوینەوە بەرەو (نەجد)ی ئێران[٤]، (tedesco) و پاش ئەویش (meillet) لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەگەر لە هەموو ئەو بەڵگانەی بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕوانگەی هاوسەردەمیی زەردەشت و هەخامەنشییەکان پیشان دراون بگەڕێین، پێویستە لەو خاڵە گرنگ و سەرنج ڕاکێشە ورد بینەوە کە گاتاکان لە هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەوتۆدا هۆنراونەتەوە، کە بەهیچ شێوەیەک نابێتە هی سەردەمی هەخامەنشییەکان[٥].

سەبارەت بەشوێنی لە دایکبوونی زەردەشتیش، ئاڵۆزی و دژایەتیی بیر و ڕاکان لەوانەی لە مەڕ سەردەمی ژیانی کەمتر نییە. دەستەیەک دەڵێن لە ناوچەیەکی ڕۆژاوادا لە دایک بووە و هەندێکیش ئەو شوێنە بەڕۆژهەڵاتی ئێران دەزانن واتە هەمان ئەو مەڵبەندەی بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشتی، دەستەیەکیش لێوارەکانی گۆلی - چیچەست -[٦] (ئوورمییە، ئوروومییە، ورمێ)ی ئێستا دادەنێن و دەڵێن لە شارێکدا لە دایک بووە بەناوی - گەنجە- یانخود- شیز - لەو لێوارەدا و هەندێکی دیکەش دەڵێن زەردەشت لە شاری دێرینی - ڕگا- یان - ڕغا - (ڕەی)ی ئەمڕۆدا لە دایک بووە و لەوێش گەورە بووە و پاشان ڕووی کردۆتە ڕۆژهەڵاتی ئێران.

لە گوڵبژێرەکانی (زادسپەرم) و هەرواش لە (آثار الباقیة)ی (ئەبوورێحانی بیروونی)دا شاری (مۆگان) یان (موغان) لە ئازەربایجاندا بەشوێنی لەدایکبوونی زەردەشت ناوبراوە. خوازیارانی هیچ کام لە ڕا و بۆچوونە دژ بەیەکەکانیش بەڵگەیەکی ئاشکرا و سەلمێنراو بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیان بەدەستەوە نادەن و زۆربەی بەڵگە هێنانەوەکانیان ئاڵۆز و نەشیاون. سەرەڕای ئەوەش لە خودی ئاڤێستاشدا چ گاتاکان و چ دیکەی بەشەکانیش هیچ شتێک لەم بارەیەوە بەرچاو ناکەوێت. لە جوگرافیای دین و ئوستوورە ئێرانییەکاندا،- بێجگە لە «ئێرانویچ»[٧] کە شوێنەکەی بەتەواوەتی نەناسراوە- زۆربەی سەر زەوی و ڕووبار و گۆل و دەریا و کێوەکان تاڕادەیەک لەگەڵ سەر زەوی و چۆم و گۆل و کێو و دەریاکانی ڕۆژهەڵاتی ئێراندا یەک دەگرنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا و گەر ئەو یەک گرتنەوەش پڕاوپڕ بێت هێشتا هەر بۆ دیاریکردنی تەواوی شوێنی لە دایکبوونی زەردەشت هیچ یاریدەیەکمان نادات بەڵکو هەر تەنیا مەڵبەندی بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی ئایینەکەی ئەومان پیشان دەدات.

بەڵگە زمانەوانیەکانیش تا ئێستا نەیانتوانیوە ئەم مەسەلەیە بەتەواوەتی ڕوون بکەنەوە چونکە، گەرچی هەر هەموو زمانەوان و ئاڤێستا ناسەکان -گاتا-کان بەهی خودی زەردەشت دەزانن و لەو بارەیەوە یەک ڕا و یەک دەنگن، بەڵام دیسانەوە لەسەر چۆنیەتی و مەڵبەندی زمانیی ئەم سروودانە ڕا و بۆچوونی جیاواز و دژبە یەکیان هەیە، هەر لەبەر ئەوەش گەر بێت و زمانی گاتاکان بەپێی ڕای زۆربەی زانایان بەیەک لە زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران بزانین، هێشتا هەر ناتوانین وڵامی ئەو پرسیارە بدۆزینەوە کە: «ئایا ئەم زمانە زمانی زگماکیی زەردەشت بووە یان زەردەشت دوای کۆچکردن و گیرسانەوەی لە ئێرانی ڕۆژهەڵاتیدا ئەم زمانەی هەڵبژاردووە، (کە لەوێدا بڕەوی هەبووە و زمانێکی ڕەسمی و ئەدەبیش بووە) و سروودە ئایینییەکانی خۆی پێ هۆنیوەتەوە؟» لەبەر هەموو ئەمانەیە کە {بەناچار دەبێ دەست لە باسکردن لە سەر شوێنی لە دایکبوون و بنەڕەتی بنەماڵەی زەردەشت هەڵبگرین و تەنیا بەئەنجامی لێکۆڵینەوەی

زۆربەی ئاڤێستا ناسەکان، کە مەڵبەندی بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشت بەڕۆژهەڵاتی ئێران دەزانن قەناعەت بکەین و بڵێین: «زەردەشت، دێرینەترین شاعیر و بیرمەند و دادپەروەری ئێرانی لە بەشێکی ئێرانزەمین دا سەری هەڵدا» و لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەم سەرزەوییە فراوانەدا ئایین و پەیامی خۆی بەئاشکرا بڵاو کردەوە}[٨].

***

٢- دیرۆکی هۆنینەوەی کۆنترین بەشی ئاڤێستا واتە گاتاکان لەگەڵ مێژووی ژیانی زەردەشتدا یەکێکە و دەکرێ هەر بەو بەراوردەی پێشوو، ١٥٠٠ تا ٨٠٠ ی پێش زایینی بۆ دابنێین. بەڵام هێشتاش بۆمان دەرنەکەوتووە کە ئەم سروودانە یەکەمجار لە چ کاتێکدا و بە چ شێوە نووسینێک نووسراونەتەوە، هێندێک لە ئاڤێستا ناسەکان پێیان وایە کە لە سەردەمی زەردەشت واتە سەدەکانی ١٦ تا ٩ی پێش زایین هێشتا لە ئێراندا خەتی ئەلفوبێ نەبووە و سروودەکانی زەردەشت هەروەک دیکەی دەق و داستانە کۆنەکان چەندین سەدە هەر لەبەر کراون و سنگ بەسنگ گەیشتوونەتە بەرەی دواتر، تا ئەوەی کە لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا بەشێوە خەتێک نووسرانەوە کە خەتی -ئارامی-ی پێ وتراوە کە لە هۆزەنیشتەجێییەکانی بابل و فینیقیەوە وەرگیراوە. دەستەیەکیش دژ بەو ڕایە دەوەستن و دەڵێن خەت و ئەلفوبێی نووسین پێش هەخامەنشییەکانیش لە ئێراندا هەبووە و بۆ سەلماندنی قسەکانیشیان ئاسەواری کۆنی وەک - لەوحە سوومەری-یەکان بەبەڵگە دێننەوە. دەبێ بڵێین، ئەگەر ئەم ڕایەش بەڕاست بزانرێت و بسەلمێنرێت، دیسانەوە ناتوانێ دیرۆکی نووسینەوەی گاتاکان یان دیکەی بەشەکانی ئاڤێستا بۆ یەکەمجار دیاری بکات، ئاشکرایشە کە لە هیچ کام لە بەڵگە کۆنەکانیشدا ئاماژە نەکراوە بەسەردەمێکی پێشتر لە سەردەمی هەخامەنشییەکان بۆ نووسینەوەی ئەم کتێبە. لە ڕیوایەتە خۆماڵییەکان و دیکەی نووسراوە ئایینییەکانی زەردەشتیدا هاتووە کە: ئاڤێستا بەخەتی زێڕین لەسەر دە هەزار پێستی گا نووسراوە و خراوەتە «دژەنپێشت»ەوە[٩]، «بەلعەمی»[١٠]یش لەم بارەیەوە دەڵێت: «ئاگادار بە کە زەردەشت لە سەردەمی پاشایەتیی (گشتاسب)دا سەری هەڵدا و پێغەمبەرایەتیی خۆی لە لایەن خواوەندی مەزنەوە ڕاگەیاند و شەریعەتی (موغان)ی دامەزراند و شا گشتاسب بەڕێزەوە وەری گرت، کاتێ زەردەشت هاتە لای، سی ساڵ لە پاشایەتیی شا گشتاسب تێپەڕیبوو و دوای ئەویش دە ساڵی تر پاشایەتیی کرد. کاتێ زەردەشت تێگەیشت کە لە دڵی پاشادا جێی بۆتەوە و پاشا پەسندی کردووە، ڕای گەیاند کە لە ئاسمانەوە- وەحی-ی بۆ دێت. گشتاسب هەموو نووسەرەکانی کۆ کردنەوە کە هەرچی زەردەشت دەیگوت (لەوەی کە لە ئاسمانەوە وەحیی پێ کرابوو) بەزێڕ دەیاننووسییەوە، شا پێستی گای ئامادە کرد و کردنیە وەک لاپەڕە و کتێبی لێ دروست کردن و فەرمووی هەرچی زەردەشت دەیڵێت کە وەحیی بۆ هاتووە لە ئاسمانەوە لەسەریان بینووسنەوە تا گەیشتە دوازدە هەزار پێست کە بەشێوەیەکی جوان ڕازابوونەوە و ئامادە کرابوون و قسەکانی زەردەشتیان بەئاوی زێڕ لەسەر دەنووسین و خۆی هەمووی لەبەر کردن و خەڵکانی دیکەشی هان دەدان بۆ فێربوون و لەبەرکردنیان.

ئەمڕۆ هەندێ لەو نووسراوانە لە دەستی مۆغەکاندا ماونەتەوە کە دەیانزانن و دەیانخوێننەوە. دواتر گشتاسب کتێبەکەی لە گەنجخانەی خۆیدا دانا کە خانوویەک بوو لە بەرد دروست کرابوو و پاسەوانی بۆ

دانا و نوسخەی لەناو ڕەمەکی خەڵکدا لێ بڵاو نەکردەوە و بەکەسی نەدان بێجگە لە زانایان، ئەمڕۆ هەمووی بەتەواوەتی لە دەستی مۆغەکاندا نییە و ئەوەش کە لەلای هەندێکیان دەست دەکەوێت، تەواو نییە»(١١).

بەپێی گێڕانەوەی زەردەشتییەکان و نووسراوی کتێبە پالەویەکان وەکو (بوندەهش) و (دینکەرد) و (ئەرداویرافنامە)(١٢) ئەسکەندەر لە کاتی هێرشەکەیدا بۆ سەر ئێران ئاڤێستای سووتاند و هەر بەم بۆنەیەوە ناوی «گەجستەک» واتە «مەلعوون»یان لێ نا. لە سەردەمی ئەشکانیەکاندا سەرلەنوێ ئاڤێستایان کۆکردەوە و «بلاش»ی یەکەم (ئەشکی بیست و دووەم)ی شای ئەشکانی کە لە ٥١ تا ٧٨ی پ.ز پاشایەتی کرد، فرمانێکی دەرکرد کە ئاڤێستا لە ڕووی نووسراوە پڕژ و بڵاوکراوەکان و (زاربەزار)ەوە کۆبکەنەوە و بینووسنەوە. ئەردەشیری بابەکان، یەکەمین پاشای ساسانی (٢٤١-٢٢٦ز) بناغەی پاشایەتیی خۆی لەسەر ئایینی زەردەشتی دامەزراند هەر بۆیەش سەرنجێکی زۆری دەدایە ئاڤێستا. بەپێی نووسینی دینکەرد، ئەردەشیر ئەمری کرد کە (تەنسەر) هیربەدان هیربەدی(١٣) ئەو کاتە ئاڤێستا کۆبکاتەوە و بەرێکوپێکی بینووسێتەوە کە بەپێی گێڕانەوە خۆماڵییەکانی زەردەشتی، ئەویش دەستەیەک لە مۆبەدەکانی کۆکردنەوە و پێکەوە دەستیان بەکار و کۆشش کرد. پاش ئەردەشیریش، جێنشینەکانی کارەکەیان بەگوڕ و تینەوە درێژە پێدا. لە سەردەمی شاپووری دووەم (٣٧٩-٣١٠ز) «ئازەرپادمێهر ئەسپەندان»ی مۆبەدان مۆبەدی ئەوکاتە شیکردنەوەیەکی لەسەر بەشەکانی ئاڤێستا نووسی و کتێبی «وردە ئاڤێستا»ی لەسەر هەموو ئاڤێستا دانا. سەرەنجام لە کۆتاییەکانی سەردەمی ساسانییەکان واتە سەدەکانی شەشەم یان حەوتەمی زایینی خەتێکی تایبەتی ئاڤێستایی داهێنرا بۆ نووسینەوەی ئاڤێستا کە ناوی «دین دەبیرە»یان لێ نا و سەرجەمی بەشەکانی ئاڤێستا بەم خەتە نووسرانەوە کە خەتێکی تەواو و ڕێکوپێک و دەوڵەمەندە(١٤). ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکان بریتی بووە لە ٣٤٥٧٠٠ وشە و - زەند - واتا شیکردنەوە پەهلەویەکەیشی ٢٠٩٤٢٠٠ وشە، بەڵام ئەمڕۆ بێجگە لە - گاتە- کان و - وەندیدات - کە بەتەواوەتی پارێزراون و ماونەتەوە چوار یەکێکی دیکەی بەشەکانی ئاڤێستا لەبەر دەستدایە بەشێوەیەک کە ئاڤێستای ئەمڕۆمان سەرجەم بریتییە لە ٨٣٠٠٠ وشە. لە کتێبە پەهلەویەکەی -دینکەرد-دا باس لە ٢١ (نەسکە)ی(١٥) ئاڤێستای کۆن کراوە و گوڵبژێرێک لە هەمووی و بەتایبەتی -نەسک-ە بزربووەکان نووسراوەتەوە. هەر ٢١ نەسکەکەی ئاڤێستا دابەش کراونەتە سەر سێ دەستە:

١- نەسکەی گاسانیک تایبەت بەزانیاری و کاروباری ڕۆحی و غەیرە مادی (مینویی)

٢- نەسکەی داتیک تایبەت بەزانیاری و داد و کاروباری جیهانی

٣- نەسکەی هات مانسریک تایبەت بەئاگایی و ناسینی سروود و پاڕانەوە ئایینییەکان(١٦).

ئاڤێستای ئەمڕۆکەش بۆتە شەش بەشەوە کە بریتین لە:

١- گاهان (گات - گاتا- گاسا- گاتە)

٢- یەسنە (یەسنا)

٣- یەشت (یەشتەکان)

٤- ویسپێرەد

٥- وردە ئاڤێستا

٦- ڤەندیداد (وەندیدات)

کە لەم دەروازەیەدا سەبارەت بەهەر کام لە بەشەکان و چۆنیەتی ناوەڕۆکەکانیان لە جێی خۆیدا باس دەکرێت.

***

٣- پاش هاتنی ئیسلام زۆربەی زۆری دەق و کتێبە کۆنەکانی ئێران و بەتایبەتیش ئاڤێستا بەهۆی نەهێشتنی زمان و ئەدەبیات و خەتی پالەوی و دین دەبیرە و هەرواش هەندێ ئاڵۆزی و ناتەبایی و دوژمنکاریی نێوان ئایینی نوێ و ڕێخراوە زەردەشتییەکان لەنێو چوون یان پڕژوبڵاو کرانەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستماندان ئەوە دەگەیەنن کە تا سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆچی ئاڤێستا تاڕادەیەک وەکو خۆی مابوویەوە، لەم پێوەندییەدا نەک هەر بەپێی کتێبی دینکەرد کە مۆبەد (ئازەر فەرەنبەغ) لە سەردەمی خەلافەتی (مەئموون)ی خەلیفەی عەباسیدا واتە سەدەی سێیەمی کۆچی (نۆیەمی زایینی) نووسیویەتییەوە دەردەکەوێت کە سەرجەمی ئاڤێستای دێرینی لەبەر دەستدا بووە (هەر تەنیا دوو نەسکەی نەبێت)، بەڵکو ئاماژەکردنی کەسانێکی وەک «مەسعودی» و «ئەبووڕێحانی بیرونی» بەهەندێ لە ئوستوورە و دامەزراوە ئایینیەکانی مەزدا پەرستان پیشاندەری ئەوەیە کە ئەوان بەشێوەیەک (ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ) دەستیان بەهەندێ دەقی ئاڤێستایی گەیشتووە کە هەر کامەیان لە ئاڤێستای ئەمڕۆ زۆرتر و گەورەتر بوونە و شتی زۆرتریان تێدا بووە. بەڵام لە سەدەی شەشەمی کۆچی بەدواوە زۆر ئاستەم بوو کە کەس بتوانێ نیشانەیەک لە ئاڤێستا لە ئێراندا بەئاشکرا ببینێت، پاشماوەکانی ئەم کتێبە دێرینەیە وەکو دیکەی دەق و نووسراوەکانی مەزدا پەرستان لە ماڵ و ئاتەشگە شاردراوەکاندا شاردرانەوە و هەر تەنیا لە ڕەسم و یاسایەکی ئایینیدا و ئەویش بەدزی و ترس و دڵەڕاوکێ و لە ناو چەند کەسێکی کەمدا بەکار دەهات و هەلومەرجی ئاڵۆزی حکومەتی دینی نوێ و حاکمانی عەرەب ببوونە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم زەردەشتیان و ئاڤێستادا بۆیە نەدەستی کەس دەکەوت و نە کەسیش دەیوێرا بەئاشکرا باسی بکات و ناوی بەرێت، لە لایەکی دیکەشەوە دەزانین کە هەندێک لەو ئێرانییانەی کە پابەندی ئایینەکەیان بوون و دەستیان لێی هەڵنەدەگرت و بەرگەی ئازار و ئەشکەنجەی حاکمانی دینی نوێیشیان نەدەگرت، هەر لە سەدەی یەکەمی کۆچی (حەوت و هەشتی زایینی)دا تەنیا ڕێگە چارەیان لە هەڵاتندا دیتەوە و بەدزییەوە بەرەو هیندستان کۆچیان کرد و لەوێ خۆیان شاردەوە،(١٧) ئەوان بێجگە لە ئاگری ئاتەشگەی «فەرن بەغ»ی فارس کە لەگەڵ خۆیان برد و لە هینددا گەشیان کردەوە، هەندێک نووسراوی ئایینی کۆن و لەوانەش چەند بەشێکی ئاڤێستایان لەگەڵ خۆ برد و لەوێ دڵسۆزانە پاراستیان. هەروەها هەر لە سەرەتای ئەو کۆچە نابەدڵیەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو گروپە کۆچبەرانە بەشێوەیەکی نهێنی و شاراوە و دوور لە چاوی حاکمانەوە پێوەندیان هەر لەگەڵ هاوکیش و هاو ڕەگەزەکانی خۆیان لە ئێراندا

و بەتایبەتی لەگەڵ شارەکانی یەزد و کرماندا هەر هەبووە، ئەم هاوڕەگەز و هاو ئایینانە لە ڕێی هاتوچۆی گەڕیدە و بازرگان و ...هوە پێوەندییان بەیەکەوە گرتووە و زۆربەی نووسراوە ئایینییەکانی زەردەشت هەر لەم ڕێگەیەوە ڕزگار کران و ئاودیوی هیندستان کران و لەوێ لەلایەن پارسیەکانەوە پارێزران. کتێبەکانی «ڕیوایەت»یش کە بەشێک لە نووسراوە زەردەشتییەکان پێک دێن هەر سەمەری ئەم پێوەندییە نهێنییانەن.(١٨) لە سەدەی ١٦ی زایینی بەدواوە چەندین توێژەر و زانای ئەورووپی ڕوویان کردە توێژینەوە لەسەر ئاڤێستا و ئایینی دێرینی ئێران و بەتایبەتی لە سەدەی هەژدە تا بیستەم کەسانێکی وەکو «ئانکتیل دوپرۆن» ، «دارمەستتر» ، «جاکسۆن» و... تاد یەک بەدوای یەکدا ڕێگای هیندستانیان گرتەبەر تا لەگەڵ پارسیەکاندا ناسیاوی پەیدا بکەن و لەو ڕێگەیەوە دەستیان بگاتە سەرچاوەکانی ڕۆشنبیری و ئایینی مێژینەی ئێرانی. هەر لەم ڕێگەیەشەوە بوو کە - ئاڤێستاناسی - وەک بەشێک لە زانستی دێرینە ناسیی لێ هات و ڕۆژ بەڕۆژ پەرەی سەند و لەم پەیوەندییەدا سەدان کتێب و گوتار و ڕاپۆرت و نامەی دکتۆرا بەزمانە جۆر بەجۆرەکانی دنیا چاپ و بڵاو کرانەوە.

***

دەستنووسەکانی ئاڤێستا ، ئەوانەی کە تا ئێستا ماونەتەوە بەگشتی دابەش دەبنە سەر دوو چەشنە دەق:

أ: دەقە سادەکان کە لە مەراسیم و ڕاز و نیاز و نوێژی زەردەشتییەکاندا بەکار دێن و تەنیا بەشێک لە یەسنە و ویسپێرەد و ڤەندیداد بەخۆوە دەگرن.

ب: دەقە پەهلەوییەکان کە بریتین لە چەند بەشێکی زۆرتری ئاڤێستا لەگەڵ ڕاپۆرتە پەهلەوییەکەیاندا. زۆربەی دەستنووسەکانی ئاڤێستا ، ئێستاکە لە ئەرشیفە جۆربەجۆرەکانی هیندستان و ئەورووپادا هەڵگیراون و لە وڵاتی ڕووسیاشدا لە کتێبخانەی گشتیی «سالتیکۆڤ شچدرین»دا دەستنووسی چەند بەشێکی ئاڤێستا پارێزراون. دەتوانین بەم شێوەیەش ئاماژە بکەینە سەر ئەو چاپانەی کە لە دەقی ئاڤێستا کراون:

١- چاپی (spiejel.f) ساڵی ١٨٥٣-١٨٥٨ی.ز. بڵاو کرایەوە و وەرگێڕدراوی پەهلەوییەکی بەنرخی لەگەڵدایە.

٢- چاپی (Geldner.k) کە ساڵی ١٨٨٦-١٨٩٥ی.ز. لە ئشتوتگارددا بڵاوکرایەوە، ئەم کتێبە دەقێکی ڕەخنە ئامێزە و پشتی بەبەشێکی زۆر لە دەستنووسەکانی ئاڤێستا بەستووە و تا ئێستاش بەسەرچاوەیەکی بڕوا پێکراو لە لێکۆڵینەوە ئاڤێستا ناسییەکاندا دەژمێردرێت.

٣- چاپی (Reichelt.h) کە لە ساڵی ١٩١١ی.ز. لە ئسترازبۆرگدا بڵاو کرایەوە و دەقێکی وانەیی زۆر ڕێکوپێکی لە ئاڤێستا (گوڵبژێرێک لە بەشە جۆربەجۆرەکانی ئاڤێستا)ی تێدایە لەگەڵ ڕاپۆرت و شیکردنەوەی واتای وشەکاندا(١٩).

***

زمانی ئاڤێستایی لە زنجیرەی زمانە ئێرانییەکاندا

زمانی ئاڤێستایی یەکێکە لە زمانە -کۆن-ەکان لە بەشی زمانە ئێرانییەکانی سەر بەبنەماڵەی زمانی هیند و ئێرانی (ئارایی)ە کە خۆی بۆ خۆی بەشێکە لە زمانەکانی هیند و ئەورووپی. یەکێک لە کۆنترین زمانە هیند و ئێرانییەکان کە بەڵگەی نووسراویان لێ بەجێ ماوە زمانی ئاڤێستاییە کە لەم ماوەی سەد و پەنجا ساڵی دواییەدا نەک هەر سەرنجی ئێران ناسان بەڵکو بەگشتی سەرنجی زانایان و لێکۆڵەرەوەکانی زمانە هیند و ئەورووپییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. سەرزەوی - دایک - و بنکەی بنەڕەتی هۆزە هیند و ئێرانییەکان دەبێ ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست بوبێت، دابەشکردنی ئەم هۆزانە بەبەشەکانی هیند و ئێرانی لە پێوەندی کۆچە یەک لە دوای یەکەکانیانە، بۆ یەکەمجار دەستەیەکیان لە ڕێگای ئەفغانستانی ئێستاوە بەرەو هیند کۆچیان کرد (هۆزە هیندیەکان) ، پاشان ئەو هۆزانەی کە لە ئاسیای ناوەڕاستدا مابوونەوە ڕوویان کردە سەر زەویەکانی ئێران و ئەفغانستانی ئێستا (هۆزە ئێرانیەکان)(٢٠) ژیواری دیاریکراوی هۆزە ئێرانییەکان لە کێوەکانی قەفقاز و دەشتاییەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە باکوورەوە تا لێوارەکانی دەریای عومان و دوورگەی فارس لە باشوور و هەرواش لە باشووری ئەفغانستان و بەشێک لە بیابانەکانی پامیر و ڕۆخانەی - سەند - لە ڕۆژهەڵاتەوە تا سەر زەویەکانی - میان ڕوودان (بەین نەهرەین) لە ڕۆژئاوادابوو هەر بۆیەش دەبووە هۆی پێکهێنانی زاراوەی جۆراوجۆر کە دواتر قۆناغەکانی پێگەیشتنیان دەبڕی و دەبوونە زمانی پوختە و سەربەخۆ. ئەمڕۆ لە هەندێک لەو زاراوانەی پێشوو هیچ زانیاریەک لەبەردەستدا نییە و لە هەندێکی دیکەشیان (ئەوانەی کە بوونە بنەمایەک بۆ داهێنانی زمانەکانی مادی و سەکایی) هەر تەنیا شوێنەوارێکی لاواز ئەویش لە سەر ناوی کەس و شوێن و ناوچەکان بەجێ ماوە کە لەوانەوە هاتۆتە ناو زمانەکانی دیکەوە. تەنیا لە دوو زمانی -کۆن-ی ئێرانی چەند نووسراوێک کەوتوونەتە دەست کە ئەوانیش زمانەکانی (ئاڤێستایی) و (پارسیی کۆنە)ە. یەک لەم دوو زمانە لە نووسراوە بەردینەکاندا بەخەتی بزماری هەر لە- داریوشی یەکەم - و - خەشایارشا - و دیکەی پاشایەکانی ئێران لە سەدەکانی شەشەم تا چوارەمی پ. ز. ماوەتەوە. زمانی ئەم نووسراوە بەردینانە زمانی زگماکی (خۆماڵی)ی ئەو پاشایانە بووە کە لە - پارس - ەوە سەریان هەڵدابوو هەر بۆیەش ئەم زمانە ناوی -پارسی کۆن-ی لێ نراوە. ئەو بەڵگانەی بەو زمانە نووسراون و تا ئێستاش ماونەتەوە گەلێک گرینگ و بایەخدارن بەڵام بەداخەوە کەمن. زمانەکەی دیکە تەنیا لە ڕێی بەشە پارێزراوەکانی ئاڤێستاوە گەیشتۆتە دەستی ئێمە کە لە کۆمەڵێک دەقی ئایینی و یادگاری ئوستورەیی دێرینەی ئێرانییەکان پێک هاتوون. دێرینە بوونی دەستنووسەکانی ئاڤێستا تەنیا بۆ سەدەکانی سێزدە و چواردەی ز. دەگەڕێتەوە نەک لەوە پێشتر(٢١) چونکە وەکو پێشتر باسمان کرد، ئاڤێستا لە سەرەتادا تا دێرزەمانێک هەر سینگ بەسینگ و زاربەزار دەوترایەوە ئەنجا گەیشتە قۆناغی نووسینەوە کە دیاریکردنی یەکەم خاڵی سەرەتایی دەست پێکردنی ئەم نووسینە گەلێک ئاستەمە، بەم زمانەش دەڵێن «زمانی ئاڤێستا» یانخود «زمانی ئاڤێستایی». زمانی ئاڤێستایی، وەک لە توێژینەوەی زمانەوانان و ئاڤێستا ناسەکاندا دەردەکەوێت زمانی زیندوو (بڕەوداری) بەشێکی سەر زەویی ڕۆژهەڵاتی

ئێرانزەمین بووە، بەڵام هیچ بەڵگە و نیشانەیەک لەبەر دەستدا نییە کە پشتی پێ ببەستین و بتوانین بڵێین ئەم زمانە ڕاستەوخۆ لە چ کات و سات و لە کامە شوێنی ڕۆژهەڵاتی ئێراندا بڕەوی هەبووە. وەکو پێشتر وتمان بێجگە لە ئاڤێستا هیچ نیشانە و بەڵگەیەکی دیکە لەم زمانە بەجێ نەماوە و شێوازی نووسین و چۆنیەتی زمانی ئەو بەشانەی ئاڤێستاش یەک ناگرێتەوە و ئەوەمان پیشان دەدات کە بەجیاواز و لە کات و سەردەمی جیاجیادا نووسراوەتەوە. «گاتە پێنجینەکانی زەردەشت» کۆنترین بەشی ئەم کتێبە و نوێنەری کۆنترین شێوەزاری ئاڤێستایین، بەڵام دیکەی بەشەکانی ئاڤێستا زمانێکی تا ڕادەیەک نوێتریان تیادا بەدی دەکرێت کە ئەگەر لەگەڵ گاتەکاندا بەراورد بکرێت جیاوازیەکی بەرچاویان هەیە. دواتر نووسەران هەوڵیان داوە بەشە دواینەکانی ئاڤێستا بەشێوازی شێوەزاری گاتەکان بنووسنەوە بەڵام بەسەرنجێکی ورد دەناسرێنەوە و جیا دەکرێنەوە. زمانەکانی ئێرانی کۆن کە بەرچاوترینیان ئاڤێستایە لەگەڵ زمانە – کۆن–ەکانی هیندستان و بەتایبەت لەگەڵ زمانی – سانسکریت–دا کە سرووەکانی – ڤیدا – (کۆنترین نامە و نووسراوی بەجێ ماوە لە هیندی کۆن)ی پێ نووسراونەتەوە نزیکی و لێکچوونی بەرچاویان هەیە، زۆربەی وشەکان بۆ کار و ناو و پێشگر و پاشگر لەم دوو زمانەدا بنەمایەکی هاوبەشیان هەیە. بۆ ئاشنایی زۆرتر لەم لێکچوونە زۆرە دەتوانین وەکو نموونە سەرنجی ئەو وشانە بدەین کە لە زمانەکانی – ئاڤێستا – سەنسکریت – فارسی ئەمڕۆ – و – کوردی–دا بۆ ژماردن (پیشاندانی ژمارەکانی یەک تا دە) بەکاردێن: زمانە کۆنەکانی ئێران و هیندی دێرین لە بواری بزوێن و قەواعیدە

ئاڤیستایی	سانسکریت	فارسی	کوردی
aêua	êka	یك	یەك/ یوە
dua	duâ	دو	دوو/ دوێ
thri	tri	سە	سێ/ یەرێ
čathwar	čatuar	چهار	چوار
Panča	Páńča	پنج	پینج/ پەنج
xŠuaŠ	ŞaŞ	شش	شەش/ شش
hapta	saptā	هفت	حەوت
ašta	aşta	هشت	هەشت
naua	nāua	نه	نۆ
dasa	dāśa	ده	دە

سیرفەکانیشدا لێکدەچن(٢٢) بەڵام لەگەڵ ڕێزمانی فارسیی ئێستادا زۆر لێک جیاوازن. ناو لە زمانە کۆنە ئێرانییەکان و لەوانەش لە ئاڤێستادا هەشت دۆخی سیرف بەخۆیەوە دەگرێت وەکو:

١- دۆخی بکەری کارا Nominatif
٢- دۆخی بەرکار Accusatif
٣- دۆخی ئاوازدار/ بانگەوازی Vocatif
٤- دۆخی یاریدەدەر/ تەواوکەر Instrumental
٥- دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ Datif
٦- دۆخی کارا بزر Ablatif
٧- دۆخی دیارخەر Genitif
٨- دۆخی ئاوەڵکاری جێگا Locatif

لە هەر کام لەم هەشت دۆخەدا کۆتایی هەر ناو و جێناو و ڕاناوێک لێک جیان، سەرەڕای ئەوەش بەپێی چۆنیەتی وشەکە (گەر وشەکە تاک بێت یان بۆ دوو کەس یان کۆ یان نێر یان مێ یانخود بێ لایەن بێت) کۆتاییەکەی تووشی هەندێ گۆڕانکاریی دیکەش دەبێتەوە بۆ نموونە دەتوانین سەرنجی وشەی تاکی (دەست) بدەین لە سێ زمانی پارسیی کۆن، ئاڤێستایی و سانسکریتدا:

خەت و ئەلفوبێی ئاڤێستایی (دین دەبیرە): هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، ئاڤێستا لە کۆتاییەکانی سەردەمی ساسانیدا خەتێکی تایبەتی بۆ داهێنرا و هەر بەو خەتەش نووسرایەوە. لەو

دۆخ	پارسیی کۆن	ئاڤیستایی	سانسکریت
کارا	Dast-ah	Zast-ō	hast-ǵāsá
بەرکار	Dast-am	Zast-am	Hast-ām
بانگەواز	Dast-ā	Zast-a	Hāst-a
یاریدەدەر	Dast-a	Zast-a	Hast-â
بەرکاری ناراستەوخۆ	Dast-ahgā	Zast-ai	Hast-âya
کارابزر	Dast-at	Zast-at	Hast-āt
دیار خەر	Dast-ahgā	Zast-ahe	Hast-āsga
ئاوەڵکاری جیگا	Dast-aig	Zast-e	Hast-ĕ

سەردەمەدا چەند شێوە نووسین بۆ نووسینەوەی زمانی پارسیی ناوەڕاست (پالەوی) بەکاردەبران کە هەر کام ناو و چۆنیەتیی جیاواز و تایبەت بەخۆیان هەبوو(٢٣) گشتگیرترین و بڕەودارترینی ئەو شێوە نووسینانە خەتی – ئام دەبیـــرە– (هام دەبیـــرە) بوو کـــە ئەویش بۆ پیشاندانی هەموو پیتە بزوێندار و بێ بزوێنەکانی زمان هەر تەنیـــا سـێـــزدە نیـــشـــانە (بزوێن)ی هەبوون، ئاواخـــەتێکی ناتەواویش بەهیچ جـۆرێک نەیدەتوانی سروودە پیرۆز و دێرینە ئایینییەکان بپارێزێت کە بەپێی بڕوای مەزدا پەرستان دەبوو دەقاودەق هەروەکو ئەسلـە بنەڕەتییـەکەی خۆیان بگوترێنەوە و بنووسرێن. هەر بەم بۆنەیەوە زانایان و پسپـۆڕانی خەت و زمانەوانی دەستیـان کردە لێکۆڵینەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و لەسەر خەتی – ئام دەبیـرە– خەتێکی نوێیان داهێنا کە تەواوی بزوێن و نیشانەکانی تێدا بوون و تائێستاشی لە گەڵدا بێت یەکێکە لە ڕێکوپێکترین و دەوڵەمەندترین خەتەکانی جیهان. لەبەر ئەوەی کە ئەم خەتە هەرتەنیا بۆ نووسینەوەی دەقە ئایینییەکان (ئاڤێستا) کاری پێ دەکرا، ناوی خەتی – دین دەبیرە– (دین دەبیری)یان لێ نا و دواتریش بێجگە لە دەقەکانی خودی ئاڤێستا دەقەکانی –پازەند– (شەرحی ئاڤێستا)یشیان پێ نووسییەوە. ئەلفوبێی ئاڤێستایی (دین دەبیرە) وەکو دیکەی خەتە ئێرانییەکان (بێجگە لە خەتی بزماری کە لە نووسراوە بەردینییەکانی هەخامەنشیدا بەکاربراوە) لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسرێت، ٤٩ پیتی هەیە و جگە لە هەندێ دۆخی تایبەت هەمیشە بەجیاجیا دەنووسرێت و هەر ئەوەشە کە هیچ هەڵەیەکی تێ ناکەوێت (لەو هەڵانەی کە بەهۆی پێکەوە لکانی پیتەکان دەکەونە ناو دیکەی خەتە ئێرانییەکانەوە). کلێشەی ئەلفوبێی دین دەبیرە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:(٢٤)

ئێستاش پاش ئاشنابوون لە گەڵ ئەلفوبێی دین دەبیرە (ئاڤێستایی)، لێرەدا بەنموونە و بۆ ئاشنایی زۆرتر و چڕوپڕتری خـوێنەری بەڕێز، هاتی چل و پێنجـەمی یەسنا بەخـەتی دین دەبیـــرە و پاشـــان بەنووسینەوەی لاتین پیشان دەدەین، دیارە واتاکەشی لە جێی خۆیدا و بەکاتی خۆی دەنووسرێتەوە، لەم بەشەدا تەنیا مەبەست ئەوەیە کە بۆ تەواوکردنی باسی خەت و ئەلفوبێیەکە نموونەیەکمان لەبەر دەستدا بێت. پێویستـە بڵێم هاتی چل و پێنجەمی یەسنا دووەمین سـروودی پێنجینەی ئەشوو زەردەشـتە و بەشێکە لە (ئوشتەوەد گات) کە بریتییـە لە یازدە کۆپلە و هەر کۆپلەیەک پێنج دێڕ و هەر دێڕێکیش بریتییە لە یازدە بڕگە ٢٩ .





١

aṯ. fravaxšyā. nū. gūšōdūm. nū. sraotā.
yaēčā. asanāṯ. yaēčā. dūrāṯ. išathā.
nū. īm. vīspā. čithrō. zī. mazdawṅhōdūm.
nōiṯ. daibitīm. duš-sastiš. ahūm. mərąšyāt.
akā. varanā. drəgvaw. hizvā. āvərətō

٢

aṯ. fravaxšyā. aṅhəuš. mainyū. paouruye.
yavaw. spanyaw. ūitī. maravaṯ. yəm. aṇgrəm
nōiṯ. nā. manaw. nōiṯ. səṇghā. nōiṯ. xratavō.
naēdā. varanā. nōiṯ. uxdhā. naēdā. šyaothənā.
nōiṯ. daēnaw. nōiṯ. urvaṇō. hačaiṇte.

٣

aṯ. fravaxšyā. aṅhəuš. ahyā. paourvīm.
yā. mōi. vīdvaw. mazdaw. vaočaṯ. ahurō.
yōi. īm. vā. nōiṯ. ithā. mąthrəm. varəšeṇtī.
yathā. īm. mənāičā. vaočačā.
ēaibyō. aṅhəuš. avōi. aṅhaṯ. apəməm.

٤

aṯ. fravaxšyā. aṅhəuš. ahyā. vahištəm.
ašāṯ. hačā. mazdaw. vaēdā. yā. īm. dąṯ.
ptarəm. vaṅhəuš. varəzayaṇtō. manaṅhō.
aṯ. hōi. dugədā. hušyaothənā. āramaitiš.
nōiṯ. diwžaidyāi. vīspā-hišas. ahurō.

١١

yastā. daəvəṇg. aparō. mašyąsčā.
tarə-mąstā. yōi. īm. tarə-mainyaṇtā.
anyāṇg. ahmaṯ. yā. hōi. arəm. manyātā.
saošyaṇtō. dāṇg. patōiš. spəṇtā. daēnā.
urvathō. rātā. ptā. vā. mazdā. ahurā.

١٠

tām. nə. yasnāiš. āramatōiš. mimaghžō.
yə. ąnmənī. mazdaw. srāvī. ahurō.
hyaṯ. hōi. ašā. vohučā. čōišt. manaṅhā.
xšathrōi. hōi. haurvātā. amərətātā.
ahmāi. stōi. dąn. təvīšī. utayūitī.

٩

tām. nā. vohū. maṯ. manaṅhā. čixšnušō.
yə. nə. usən. čōrəṯ. spənčā. aspančā.
mazdaw. xšathrā. vərəzənyaw. dyāṯ. ahurō.
pasūš. vīrəng. ahmākṇg. fradathāi. ā.
vaṅhəuš. ašā. haoząthwāṯ. ā. manaṅhō.

٨

tām. nə. staotāiš. nemaṅhō. ā. vīvarəšō.
nū. zīṯ. čašmainī. vyādarəsəm.
vaṅhəuš. manyəuš. šyaothənahyā. uxdhahyāčā.
vīduš. ašā. yəm. mazdąm. ahurəm.
aṯ. hōi. vahməng. dəmāne. garō. nidāmā.

٧

yehyā. savā. išawṇti. rādaṅhō.
yōi. zī. jvā. awṅharəčā. bvaṇtičā.
amərətāitī. ašāinō. urvā. aēšō.
utayūtā. yā. nərąš. sādrā. drəgvatō.
tāčā. xšathrā. mazdaw. dąmiš. ahurō.

٦

aṯ. fravaxšyā. vīspanąm. mazištəm.
stavas. aša. yə. hudaw. yoi. hənṭi.
spəṇtā. mainyū. sraotū. mazdaw. ahurō.
yehyā. vahme. vohū. fraši. manaṅhā.
ahyā. xratū. frō. mā. sāstū. vahištā.

aṯ. fravaxšyā. hyaṯ. mōi. mraoṯ. spəntōtəmō.
vačā. srūidyāi. hyaṯ. marətaēibyō. vahištəm.
yōi. mōi. ahmāi. sərəošəm. kąn. čayasčā.
upā. jimən. haurvātā. amərətātā.
vaṅhəuš. manyāuš. šyaothənāiš. mazdaw. ahurō.

(١) ههى. اف. ڤاڤەو. ئەو. ئەڤەنەو. ئەرەشتەرەو. ئەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.

(١٠) ههى. اف. ئەسرەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.

(١١) ههى. اف. ئەسرەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.
ئەسرەڤا. ئەڤەنەو. ئەسەڤەدەن. ئەرەشتەرەو. ئەڤەنەو.

باس لێکردنی بەشەکانی ئاڤێستا بەجیا و سەرنجێک لە ئایینی زەردەشت و جیهانبینیی مەزدا پەرستان:

(گات): گاتە پێنجینەکانی زەردەشت کۆنترین بەشی ئاڤێستان. ئەم بەشە بۆ خۆی بەشێکە لە (یەسنا) بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بەهی خودی زەردەشت زانراوە و ئەوەش کە بەشێوەی شیعرە، هەمیشە جیا لە یەسنا ناوی براوە و بۆ خۆی بەبەشێکی جیاواز ناسراوە. زمانی گاتەکان لەگەڵ زمانی بەشەکانی دیکەی ئاڤێستا و تەنانەت یەسناشدا لە بواری موسیقای کەلام و ڕستەسازی و شێوازی نووسین و داڕشتنەوە جیاوازە و ئەم گەلێ کۆنتر و لەمێژینەترە لەوان. بەهەر بەشێکی یەسنا لە ئاڤێستادا «هایتی» و لە پالەوی و فارسیدا (هات) یا (ها) دەگوترێت. سەرجەمی یەسناش دەبێتە ٧٢ هات و گاتەکان بۆ خۆیان ١٧ هات لەو ٧٢- هات-ەن. هەر کام لەو ١٧ هاتەی گاتاکان خاوەنی چەندین کۆپلەیە و لە ڕووی ژمارە و کێشی شیعرەکانەوە دابەش کراونەتە سەر پێنج دەستە کە هەر دەستەیەک دەبێتە «گا» یان «گات، گاتە، گاتا» یەک و هەر گاتەیەکیش ناوێکی سەربەخۆی لێ نراوە کە ناوی هەر کامیش لە یەکەم وشەیەک وەرگیراوە کە گاتەکەی پێ دەست پێ دەکات تەنیا ناوی گاتی یەکەم (ئەهنەوەد گات) نەبێت کە پێوەندی بەناوی نزای «یەسا ئەهوەیریێ»[٢٦]یەوە هەیە، ئەم نزایە سەردەمانێک لە سەرەتای ئەم گاتەیەوە بووە بەڵام ئێستا کەوتووەتە ناو هاتی ٢٧ کۆپلەی ١٣ی یەسنەوە.

وشەی (گاه) لە ئاڤێستادا «گاسا» بەواتای شیعر، سرود هاتووە. (گێڵدنەر) و (مییە) واتای (شیعر)ی بۆ دادەنێن کە لە ناو نووسراوی (نەسر) (دەق) داهاتووە و بڕگەکانی پێکەوە بەستۆتەوە و لاشیان وایە هۆی ئەو ئاڵۆزییە کە ئەمڕۆ لە نێوان بەشێکی «گاهانی»دا بەرچاو دەکەوێت دەگەڕێتەوە بۆ نەمانی دەقەکان و مانەوەی شیعرەکان بەجیا بەڵام (نیبێرگ) لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نییە و بەرپەرچی دەداتەوە و دەڵێ هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە لە ئارادا نییە.[٢٧] ئەم وشەیە لە زمانی - سانسکریت - یشدا هەر بەم واتایە هاتووە، لە زمانی پارسی ناونجی (پالەوی)دا -گاس-ە و کۆی دەبێتە - گاسان -، لە فارسی ئەمڕۆدا هەندێ جار -گات-ە بەکۆی - گاتەکان - و هەندێ جاریش - گاه-ە و کۆی دەبێتە - گاهان -. هەر کام لەو پێنج گاتە دەبێتە یەک یا چەند - هات - و هەر -هات- ێکیش دەبێتە چەند بەند (کۆپلە) کە لێرەدا ئەو چەند و چوونەیان دەخەینە ڕوو:

١- (ئەهونەوەدگات): حەوت -هات-ە (هاتی ٢٨ تا ٣٤ی یەسنا)، سەد کۆپلەیە و هەر کۆپلەیەک سێ ڕستە (دێڕ)ی ١٦بڕگەیی هەیە و وەستان لە نێوان بڕگەکاندا پاش حەوتەمین بڕگەیە واتە (٧+٩).

٢- (ئوشتەوەدگات): چوار هاتە(هاتی ٤٣تا ٤٦ی یەسنا)، ٦٦ کۆپلەیە و هەر کۆپلەیەک دەبێتە ٥ دێڕی ١١بڕگەیی، وەستان لە نێوان بڕگەکاندا پاش چوارەمین بڕگەیە (٤+٧).

٣- (سپە نتمەدگات): چوار هات (هاتی ٤٧ تا ٥٠ی یەسنا)، چل و یەک کۆپلەیە و هەر کۆپلەیەک چوار دێڕی یازدە بڕگەییە و پشووی نێوان بڕگەکان لە پاش بڕگەی چوارەمدایە(٤+٧).

٤- (ڤوهووخشتەرگات): یەک هات (هاتی ٥١ی یەسنا)، ٢٢ کۆپلەیە و هەر کۆپلەی ٣دێڕی چواردە

برگەیی و پشووی نێوانیان پاش حەوتەمین برگەیە(٧+٧).

٥- (ڤوهیشتویەشت گات): یەک هات (هاتی ٥٣ی یەسنا) و نۆ کۆپلەیە و هەر کۆپلە چوار دێڕە کە دووانیان کورت و دووانیان درێژترن. دێڕە درێژەکان ١٩ برگەن و پشووی نێوان برگەکان دووجارە واتە جارێک پاش حەوتەم و جارێکیش پاش برگەی چواردەهەمە (٧+٧+٥)، دێڕە کورتەکانیش ٢١برگەیین و پشووی نێوانیان لە پاش حەوتەمین برگەیەیە (٧+٥).(٢٨) بەم پێیە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە شێوەی دەربڕینی گاتەکان بەشێوازی شیعری برگەیی (SyllAbic)ە، هەرچەند هەندێ لێکۆڵەر هێشتاش قەناعەتیان بەم ڕاستییە نییە. بێجگە لەو ١٧هات-ەی گاتەکان کە گوتمان گەرچی لە ناو یەسنادان بەڵام بەجیاواز ناو دەبرێن، لە ٥٥ هاتەکەی تری یەسنادا بەهاتی ٣٥ تا ٤١ دەوترێت (هەپتەنگ هایتی) واتا -حەوت هات- و ناوی ئەوانیش بەجیا دێت چونکە ئەوانیش لە بواری زمانەوە هەروەکو گاتەکانن و گەرچی ئەمان دەق ئامێزن بەڵام پێ دەچێت دیرۆکیان لەگەڵ گاتەکاندا نزیک بێت. هەندێ تۆژێنەر هاتی ٤٢یش هەر لە سەر ئەو حەوت هاتە دادەنێن، کەچی هەم زمان و هەم ناوەرۆکیشی لەگەڵ ئەواندا جیاوازە و لەوانەیە دوای ئەوان نووسرابێت. بەهەر حاڵ ئەم هەشت هاتە کەوتوونەتە نێوان هاتی ٣٤ کە دەکاتە کۆتایی ئەهوونەوەدگات و هاتی ٤٣ کە دەکاتە سەرەتای ئوشتەوەدگات.هەروەها هاتی ٥٢ کەوتووەتە نێوان گاتەی چوارەم و پێنجەم و ناوی (هوشبام)ە کە ئەویش پاڕانەوەیەکی کاتی بەیانیانە(٢٩).

یەسنا: لە ئاڤێستادا (یەسنە) لە سانسکریتدا (یەجنە) وە لە پالەویشدا «یەزیشنە»یە کە بەواتای ستایش و پاڕانەوە و پەرەستن و قوربانییە، وشەکانی - یەزد - و - یەزدان - و - ئیزەد - وجێژن - کە لە فارسی و کوردیدا هاوبەشن هەر لە ڕیشەی ئەو وشەیەوە گیراون.

یەشت: سێیەمین و درێژترین بەشی ئاڤێستا «یەشت»ەکانن. ئەم وشەیە هەر واتای - یەسنە - دەدات و گەر جیاوازییەک لە نێوانیاندا هەبێت ئەوەیە کە واتای - یەسنە - گشتگیرە بەڵام واتای یەشت تایبەتییە واتە ستایش و پاڕانەوە و پەرستن و قوربانیی تایبەتی ئیزەدەکان و ڕوحانییەکان. ئەم بەشەی ئاڤێستا دەبێتە ٢١ یەشت کە ناوی زۆربەیان لە ناوی ئەو ئیزەدانەوە وەرگیراوە کە ڕۆژەکانی مانگ لە ئێرانی کۆندا بەناوی ئەوانەوە ناونراون و وەکو وترا تایبەتی ستایش و پاڕانەوەی ئەوانە. ڕێژەی - یەشت-ەکان پێشتر زۆربوون و لە نێوچوون و هەرتەنیا ئەو ٢١ یەشتە و ناوی چەند یەشتێکی دیکەیش ماوەتەوە کە لە نێو ئەمانیشدا ئاڵۆزییەک بەدی دەکرێت و بەتایبەت لە بواری داڕشتنەوە یەک ناگرنەوە بۆیە پێویستە ئەو ٢١ یەشتە دابەش بکەینە سەر دوو بەش (درێژ و کورت) لە یەشتە کورتەکاندا شێوازی نووسینەوە تازە و ناتەواوە بەڵام یەشتە درێژەکان زمانێکی دێرینە و پوخت و پاراویان هەیە لەگەڵ ئەو هەموو جوانییەی زمان و ڕازاندنەوەیان لە بواری مەعنەویدا و ئەوەی کە بەکۆنترین و پاراوترین پەخشانەکانی ئێرانی دێرین {کورد} دەژمێردرێن. -یەشت-یش هەروەکو -گاتە-کان شیعرە بەڵام کێشی شیعرەکانی وەک یەک نییە و ئازادترە. دەتوانین بڵێین زمانی ئاڤێستایی لە کاتی هۆنینەوەی یەشتەکاندا زۆر پاراوتر و دەوڵەمەندتر بووە لە هی سەردەمی گاتەکان و توانیویەتی واتا و ناوەرۆکێکی زۆرتر بەخۆیەوە بگرێت و لە بواری گەشەی شیعر و کێشی شیعریشدا چەند هەنگاوێک بەرەو پێشتر چووبێت.

هەربەشێک لە یەشتەکان پێی دەوترێت «کردە» (بەش، وەرز) و هەر کردەیەکیش چەندین بەند (کۆپلە) دەگرێتە خۆی.

(ویسپێرەد):

بەشێکی کورتی ئاڤێستا ناوی لێ نراوە «ویسپیرەتۆ» (ویس-پێرەد).(٣٠) ئەم بەشەیش لە شێوازی داڕشتن و ناوەرۆکیشدا زۆرلە یەسنەوە نزیکە و بریتییە لە چەند سروودێکی کورت لەمەڕ ستایشی چاکە و پاک داوێنی و هەموو مەخلوقێکی چاکی ئەهوورایی. هەندێ کەس پێیان وایە ویسپێرەد لە بنەڕەتدا دەفتەرێکی جیاوازی ئاڤێستا نەبووبێت بەڵکو هەر لە سەر یەسنە بووبێت، بەتایبەتیش کە دەزانین لە جەژن و بۆنە ئایینییەکانی زەردەشتیدا ویسپێرەد بەجیا ناخوێنرێتەوە بەڵکو هەر لەگەڵ یەسنەدا دەخوێنرێتەوە، تەنانەت لە زۆر بۆنەشدا -ڤەندیداد-یشی دەخرێتە سەر. بەڵام کات و ساتی تریش لە سالدا هەیە کە بەتەنیا و بەتایبەتی هەر ویسپێرەد دەخوێنرێت کە ئەویش کاتی هەر کامە لە شەش - گەهەنبار-ی ساڵە و بۆ خوێندنەوەی ویسپێرەد لەو کاتانەدا وشەی (گەهەنباران ویسپێرەد) بەکار دێت(٣١)، بەشەکانی ویسپێرەدیش هەروەکو یەشت بە(کەردە - بەش-) ناو دەبرێن کە هەر کامە چەند کۆپلەیەک لە خۆ دەگرن. بۆچوونی ئاڤێستا ناسەکان بۆ دابەشکردنی بەشەکانی ویسپێرەد لێک جیایە و بەگشتی ٢٣و٢٤و٢٦و٢٧ کەردەیان بۆ داناوە.

ڤەندیداد: ڤەندیداد کورتکراوەی وشەی ئاڤێستایی (ڤی دەیوداتە)یە کە لە سێ بەش پێک هاتووە: (ڤی+دەئو+دات)، ڤی بەواتای دژ - دژایەتی، دەئو بەواتای دێو، دات بەواتای داد - یاسا، بەگشتی واتای (یاسای دژی دێو) دەدات. ئەم بەشەی ئاڤێستا باسی یاسا و داب و دەستووری ژیانی تاک و کۆمەڵ و سزا و پاداشتی ئیشوکارەکان دەکات و دەتوانین بڵێین بەشی قانوون و(فیقهە) لە ئاڤێستادا کە بەپێی نووسراوەکانی - مەزدیەسنا - دەبێتە نۆزدەهەمین نەسکە (کتێب)ی ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکان، گەرچی ئەمیش لە شێوانکاری و ئاڵۆزکاوی بێ بەش نەبووە بەڵام هەر بەو ئەندازەیەی جارانی لێ ماوەتەوە. ڤەندیدات دابەش دەبێتە سەر ٢٢ (فەرگەرد) واتە بەش و هەر فەرگەردێک باسی داب و دەستوور و دیاردەیەکی ژیان دەکات، بۆ وێنە لە بەشی یەکەمدا باسی ١٦ وڵاتی ئاهوورایی و ئەو زیانە دەکات کە ئەهریمەن پێی گەیاندوون، بەشی دووەم باسی ڕۆژگاری - جەمشید - و وێران بوونی جیهان، بەشی سێیەم کشتوکاڵ و بووژاندنەوە و گەشانەوەی زەوی بەچاندن و کشتوکاڵ و زویر بوونیشی لە پیس بوونی بەهۆی لاشەی مردووەکانەوە، بەشی هەژدەهەم باسی -مۆبەد-ی ڕاستەقینە و درۆیین و... تاد. لە ناو هەموو ڤەندیداتدا دەکرێ بەبەشەکانی چوارەم تا حەڤدەهەم بڵێین (یاسا) و (داد) کە زۆرتر باسی داب و دەستووری ژیان و کاروباری مرۆڤ دەکات.

خوردە ئاڤێستا: بەشی شەشەمی ئاڤێستای ئەمڕۆ بە(خوردە ئاڤێستا) یا بەپێی زمانی پالەوی (خورتەک ئەڤێستاک) واتە ئاڤێستای بچووک ناسراوە. ئەم بەشە خۆی بەشێکی سەربەخۆ و جیاوازی ئاڤێستا نییە بەڵکو گوڵبژێرێکە لە سەرجەمی ئەم کتێبە پیرۆزە کە لە ڕەسم و یاسا جیاجیاکان وەک

زەماوەند و ساڵیادی مردووان و...دا دەخوێندرێتەوە. چەند بەشێکی ئەم کتێبە لەناو ئاڤێستای ئەمڕۆدا بەدی دەکرێت بەڵام زۆربەی بەشەکانی دیکەی دەگەڕێنەوە بۆ بەشە فەوتاوەکانی ئاڤێستای گەورە.

پاش ئەم کورتە پێناسەیەی بەشەکانی ئاڤێستا، ئێستاش سەرنجێکی ناوەڕۆکی ئەم ئاسەوارە مێژینەیە دەدەین تاوەکو پانتایی فیکر و ڕۆشنبیری {کوردو} ئێرانی دێرینمان بۆ دەربکەوێت، لەم سەرنجەشدا یەکەمجار ئاوڕ لە (گات)ەکان دەدەینەوە کە دەبنە یاسای بنەڕەتی و گەوهەرەی ڕاستەقینەی ئایینی مەزدا پەرستی:

(زەردەشت)ی بیرمەند و دادپەروەر لە -گاتە- پێنجینەکانی خۆیدا هەروەک شاعیرێکی بەتوانا و فەیلەسووفێکی وردبین، ئەو پرسیارە بنەڕەتییانە دێنێتە ئاراوە کە لە سەردەمی ئەودا ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبوونەوە و - زۆربەیان تا ئێستاش هەر لە ئارادان - و وەکو دۆزەرەوەیەکی ماندوو نەناس و دڵفرەوان دەکەوێتە شارێگای دۆزینەوەی نهێنییەکانی ژیان. لە گاتەکاندا هیچ نیشانەیەک لە ئوستوورە و ئەفسانە ئاریاییە دێرینەکان و پەرستنی ئیزەدە جۆراوجۆرەکان و قوربانی بۆکردن و خوێن بۆ ڕشتنیان لە ئارادا نییە و ئاشکرایە کە پەیام هێنی مەزدا پەرستی دەیەوێت مرۆڤ لە پێچ و پەنای دام و دەزگای خواناسیی سەرەتایی چیاییەکان و دەشتەکییەکاندا ڕزگار بکات و بیخاتە سەر شارێی ئایینێکی ڕۆشن و ئاوەز پەسند و ئەقڵ گیرەوە. بەواتایەکی دیکە کاردانەوەی تەواوەتی پەیامی ئابووری و کۆمەڵایەتی زەردەشت هەمان تێپەڕکردنی ژیانی دەشتەکی و شوانیی پڕ لە شەڕ و شۆڕە و گەیشتنە بەقۆناغی دێ نشینی و کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی هێمنانەی بەرەو شارستانییەت، ئەمە سەرەڕای بوارە ئایینی و ئەخلاقییەکانی پەیامەکەی. لە ڕاهێنانەکەی زەردەشتدا، مەبەست لە ئافراندن و ئەنجامی ژیان ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ ئاوەدانکردنەوەی جیهان و شادی و بەختیاری خۆی و دیتران تێبکۆشێت و لە ڕێگای «بیری چاک» و «کردەوەی چاک» و «گفتی چاک» ەوە شایستەیی خۆی بۆ گەیشتن بەلووتکەی -کاملّ-بوون و بەختەوەری هەمیشەیی بسەلمێنێت. زەردەشت مەنعی پەیڕەوانی خۆی ناکات لە خۆشویستنی دنیا و شادی کردن و ژیانی شکۆدار و بەختیار، هەرگیز ئەم جیهانەشی بەبیانووی کورتبوونی تەمەن و زوو تێپەڕبوونی ژیان لە ناویدا، سەرکۆنە نەکردووە. سەرنجێکی ورد لە گاتەکان ئەو ڕاستییە دەردەخات کە هۆنەری ئەم شیعرە نایابە مێژینەیە ڕێ پیشاندەری بەختیاری و بەختەوەریی مرۆڤ بووە لە ژیانی تاک و کۆمەڵدا و لەگەڵ گۆشەگیری و بێ موبالاتی بەجیهان هیچ پێوەندییەکی نەبووە. بەتەعبیرێکی تر، زەردەشت هەرتەنیا چاو نابڕێتە کورتبوونی ژیان بۆ تاکێکی کۆمەڵ بەڵکو لە ژیانی بەکۆمەڵی مرۆڤ و کار و تێکۆشانی هەمیشەیی و زنجیرەیی ئەوان دەڕوانێت و دەڵێت لەم بوارەدایە کە هەموو کەسێک هەبوون و هاوکاریی خۆی پیشان دەدات و ڕۆڵی تایبەتی خۆی لەم شانۆ مەزنەدا دەگێڕێت. پەیامی زەردەشت، مرۆڤ بەمەخلوقێکی پاک و بێگەردی ئەهوورا مەزدا و هاوکار و یاریدەدەری خواوەند لە کاری پەرەپێدان و - کاملّ - کردنی خیلقەت و بەربەرەکانێ لەگەڵ هێزە ئەهریمەنییەکاندا دەزانێت نەک بەتاوانبارێکی ئەزەلی کە دەبێ هەمیشە ڕووی خۆی لە هەر چەشنە خۆشی و چێژ و شادییەک وەربگێڕێت و نەفس و حەزی خۆی بکوژێت و هەمیشە لە ترس و خۆف و ئازار و ئەشکەنجەی دەروونیدا بژی تا

ببەخشرێت و بکەوێتە بەر ڕەحم و بەزەیی خوا و ڕزگاری ببێت! زەردەشت وەکو (بوودا) نالێت " ڕزگاریی هەر کەسێک لە نەمانی ئەو کەسەدایە" و نالێت کە دەبێ مرۆڤ دەست لە هەموو لەزەت و چێژەکانی ئەم جیهانە هەڵبگرێت و لە سووچێکی تەنگ و تاریکدا خۆی بەخەڵوەکێشان؟! بخافڵێنێ. بەڵکو دەڵێت مرۆڤ بۆ کامەرانیی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییش دروست کراوە، ژیان شەڕ و بەرهەڵستکارییەکی درێژخایەنی نێوان چاکە و خراپەیە و ئێمەش دەبێ پشتیوانی ڕاستی و دروستی و ڕێبواری ڕێبازی چاکە بین، لەگەڵ خراپە و ئاڵۆزی و ناشیرینی و دزێویدا بەربەرەکانێ بکەین.(٣٢) یەکێک لە پرشنگدارترین نیشانەکانی پەیام و ڕاهێنانی زەردەشت ئەوەیە کە هیچ نیشانەیەک لە عەبدایەتی و تەسلیم بوونی کوێرکوێرانەی تێدا نییە. زەردەشت پەیڕەوانی خۆی لە ژێردەستەیی و ئیتاعەی کوێرانە و نەزانانە مەنع دەکات و دەڵێت: «هەرچییەک لە من دەبیسن بەئاوەزی تەواو و ئەقڵ و تێڕوانینی پاک و ڕووناکی خۆتان هەڵیسەنگێنن ئەنجا لێمی وەربگرن.»(٣٣) چوارچێوەی ڕاهێنان و پەیامی زەردەشت لە گاتەکاندا بڕوا هێنانە بەخواوەندیی مەزدا ئەهوورا وەک خولقێنەری تاقانە و پاشانیش هەبوونی دوو (ڕەوان)ی دووانە یانخود دوو ڕۆحی سەرەتایی خیلقەت لە بەرانبەری یەکدیدا واتە «سپەنتا مینو» ڕەوانی پایە بڵندی خیلقەت و «ئەنگەرە مینو» ڕەوانی دژ و شەڕاشۆ(٣٤). دیاردە حەوتینەکان (حەوت نیشانە)ی مەزدا ئەهوورا کە سپەند مینو مەزنترینیانە دەبنە ڕێ پیشاندەری هەموو دروستکراوەکان (مەخلوقات) بۆ گەیشتنە ڕزگاری و بەختەوەری، لەم پێوەندییەدا (ئەشە)(٣٥) لە هەموویان دیارترە و (ئەشەوەن)ەکان - پێڕەوانی ڕێگای ئەشە - لە شەڕ و ناکۆکیی هەمیشەییدان لەگەڵ (دروەندان) - پێڕەوانی دروەج-دا. لە زۆربەی کۆپلەی گاتەکاندا باسی ئەشە دەکرێت. جیهان بینیی بنەڕەتیی زەردەشت لە سەر ناکۆکیی ئەم دوو مینویە و هاریکاری و یەکبوونی نیشانە حەوتینەکان و سێ خاڵی بنەڕەتی (ئەندێشەی چاک، گفتەی چاک، کردەی چاک) دامەزراوە و شەڕی نێوان - مینو - ناکۆک و دژ بەیەکەکان بابەتی سەرەکی - هەبوون - و دەروونمایەی خیلقەت پێک دێن. لەم گێرە و کێشە ئاڵۆزەدا هەموو مەخلوقە چاکەکان هاوکار و پشتیوانی - سپەندمینو-ن و لە بەرانبەری -ئەنگەرەمینو-دا یاریدەی دەدەن تا کاتی سەرکەوتنی یەکجارەکی. فەلسەفە و ڕاهێنانی زەردەشت لە بناغەدا جیاوازی و دژایەتییەکی نەبڕاوەی هەبوو لە گەڵ بیروبڕوای کۆنی ئاریاییەکاندا کە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی ژیانی پێکەوە و هاوبەشی هیندی و ئێرانییەکان. زەردەشت بیرمەندێکی داهێنەر و ئازا بوو کە ئەندێشە و بیروبڕوا شۆڕشگێڕانەکانی خۆی وەک فەیلەسووفێکی وردبینی دەروونزان و کۆمەڵناس و بیرمەندێکی بەرزە فڕی دووربین و شاعیرێکی پڕ خولیا و لێهاتوو لە پێنج سروودی هەمیشە زیندوودا گەیاندە نەوەکانی دواتریش. زۆربەی زانایان و ئاڤێستا ناسەکان لەسەر ئەو ڕایەن کە - ئەمشاسپەند - ە حەوتینەکانی ئاڤێستای نوێ دەبێ بەنیشانەی زیندووی سیفەت و فەزیلەتی ئەبستراکتی مەزدا ئەهوورا و تیشکی هەبوونی داهێنەر - خالق - بزانرێن کە لە - وانە-ی گاتەکاندا دەیانبینین. لە گاتەکاندا بەهیچ شێوەیەک هەبوونێکی دیاریکراو بەناونیشانی - ئەمشاسپەندان - نابینرێت و تەنانەت هیچ نیشانەیەکیش لە پێکەوە بەسترانی ئەمشاسپەند لەو سروودانەدا بەدی ناکرێت. قایل بوون بە -هەبوون-ی ئەوتۆ لە گاتەکاندا پێچەوانەی

گەوهەری بنەڕەتیی پەیام و ڕاهێنانی زەردەشتە و هەر ئەوەشە کە سەری لە هەندێ لە تۆژێنەرانی ئەم بەشە شێواندووە و چەواشەی کردوون. «تاراپووروالا» لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا هیچ ناوێک لە سپەند مینوو نابات و نیشانەکانی مەزدا ئەهوورا دابەش دەکاتە سەر دوو دەستەی سێ سێیی کە هەر دەستەیەک لەویدی کە جیاوازە. بەپێی لێکۆڵینەوەکەی ئەو، دەستەی یەکەم واتە سێ نیشانەی یەکەم (ئەشەڤەهیشتە، ڤوهوومەنە، خشەترەڤەئیریە) نێرینەن و سێ نیشانەی دووەمیش واتە (سپەنتە ئارمەیتی، هەورڤەتاتە، ئەمێرەتاتە)(٣٦) مێینەن، ئەم دەستەیەش پیشاندەری لایەنەکانی باوکێتی و دایکێتی داهێنەری جیهانن سەبارەت بەجیهان و بوون. لە بواری باوکێتی خوداوە – ئوردی بەهەشت – نوێنەری ڕاستی و چاکە و ئیرادە و خواست و ئەندێشەی خوایە کە لە سەرتاسەری جیهان و بووندا دەبێت و دەمێنێ، مرۆڤیش بەتێپەڕکردنی ڕێگای زانین و فێرکاری و بەکارهێنانی بیر و ئەندێشە دەیگاتێ. «بەهمەن» نوێنەری ئەندێشە و کەسایەتی چاک و ئاگای فێرکاری خوایە و مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگای خۆش ویستنی هەموو دیاردە چاکەکانی خیلقەت بیگاتێ. – شەهریوەر – نوێنەری کار و هێزی خیلقەت و توانای زاڵبوون بەسەر جیهان و بوون لەلای خواوەندەوە و مرۆڤ بەدۆزینەوەی شوێنی تایبەتی خۆی لە پانتایی – بوون–دا و خزمەتکردن بەهێزەکانی چاکە و ڕووناکی دەیگاتێ. لە بواری دایکێتی خوداوەش – سپەندارمەز – نوێنەری ڕاوەستان و خۆڕاگری خوا و وێنەی ئیمان و تێکۆشانە بۆ ئاوەدانکردنەوەی جیهان – خورداد – نوێنەری هەوڵی هەمیشەیی ئاهوورا مەزدا و وێنەی جموجوڵ و تێکۆشانە لە ڕێبازی – کامل – بووندا – ئەمورداد – نوێنەری گەوهەرەی ئەبەدیی جیهان و جاویدانیی خیلقەتی مەزدایە و مرۆڤ دەتوانێ بەوەدەست هێنانی تێگەیشتنی قووڵ لە بوون و وێنە و سیمبولەکانی خیلقەت بگاتە جاویدانی. سێ نیشانەی یەکەم نیشانەی سیفەتەکانی ئەهورامەزدان وەک خولقێنەری – ڕۆح – «ڕەوان» و سێ نیشانەی دووەمیش پیشاندەری ئەو سیفەتانەن وەک خولقێنەری – مادە –(٣٧). مرۆڤ دەتوانێت – ئورديبەهەشت – و – بەهمەن – و – شەهریوەر – لە ڕێگای زانیاری و خۆشەویستی و خزمەتکردنەوە بناسێت، ئەم سێ نیشانەیە پێوەندییان بە– سەر– و – دڵ – و – دەست–ی مرۆڤەوە هەیە بەڵام بۆ گەیشتن بەئەهوورا مەزدا و ناسینی تەواوی ئەو دەبێ زانیاری و زانایی مرۆڤ لەگەڵ خۆشەویستی و حەزی ژیاندا تێکەڵاو بێن و لە بەرهەمی ئەو تێکەڵبوونەش خزمەتکردن بەسەرجەم مرۆڤایەتی بەدی بێت. تەنیا لەم ڕێگەیەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێ بگاتە بڕوای پتەو (سپەندارمەز) و کاملبوون (خورداد) و جاویدانی (ئەمورداد). بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەی تارا پوروالا خرۆکەیەک دروست دەبێت کە دەتوانێن پێی بڵێین خرۆکەی



کاملبوون (دایرەی کەماڵ)(٣٨):

ئەندێشە و ڕاهێنانەکانی زەردەشت لە قوتابخانە فەلسەفی و شوێنە ئایینییە جۆربەجۆرەکانی سەردەمانی کۆنەدا کاردانەوەی فراوانی بووە و کاریگەری ئاشکرا و بەرچاوی بەجێ هێشتووە، هەر لەم پێوەندییەشدا بەڕادەیەکی زۆر کتێب و دەق و نووسراو چاپ و بڵاوکرانەتەوە کە باسکردنیان لەم دەرفەتەدا ناگونجێت. هەر لەم سەردەمەی ئێستاشدا هەرچەند هەزاران ساڵ بەسەر ڕۆژگاری ژیانی زەردەشتدا تێپەڕیوە و بارودۆخی فیکری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ئاڵوگۆڕ و بەرەو پێشچوونی زۆری بەخۆیەوە دیتووە، هێشتا هەر زۆربەی زانایان و خاوەن ڕایانی جیهان بەچاوی ڕێز و حورمەت و لە هەمان کاتدا سەرسووڕمانەوە لەم شیعرە هەرە قووڵ و پڕ ناوەڕۆکانەی سەردەمی کۆنی ئێران دەڕوانن و هەر کامە بەچەشنێک لێی دەکۆڵنەوە و نووسینی تێگەیشتووانە و ژیرانەیان لەسەر دەنووسن کە ناسینی هەندێک لەو نووسین و لێکۆڵینەوانە بۆ خوێنەری هێژای ئەم بەرهەمە سوود و بەهرەی زۆری تێدا دەبێت بۆیە ئاماژەیەکی کورت دەکەینە سەر گرینگترینیان:

(G, dumezil)، زەردەشت بەمەزنترین –چاکساز–ی ئایینی و کۆمەڵایەتی دەزانێت کە لە مێژووی ئایینییەکاندا سەری هەڵداوە، لەم بارەیەوە دەنووسێت «کردەوە چاکسازییەکانی زەردەشت لە ئایینی کۆنی ئێرانییەکاندا لە لووتکەدابوو، لایەنە ئابوورییەکەی ئەم چاکسازییە گەلێک بەهێز و بەرچاو بوو، هەر لە ئەنجامی ئەو چاکسازییەشدا بوو کە هۆزە ئاریاییەکان دۆخی ژیانی دەشتەکییان وەلانا و ڕوویان کردە شارنشینی و گوندنشینی و ئیدی سنووری لەوەڕی ڕانەکانی هەر هۆزێک دیاری کرا. لە بنەما ئەخلاقی و ئایینییەکانی زەردەشتدا، کێشمە کێشە کاتییەکانی دێو و ئیزەدەکان دەبنە پێکدادان و بەربەرەکانێیەکی بنەڕەتی و هەمیشەیی نێوان هێزەکانی چاکە و خراپە. سەرتاسەری ژیانی هەر پەیڕەوێکی زەردەشت دەبێتە بەرهەڵستکارییەکی دەروونی لە دژی هێزەکانی خراپە تا کاتی سەرکەوتن بەسەریاندا، ئەم بەرهەڵستکارییەیش بەشێکە لەو شەڕە گەورەیەی کە هەر لە ئەزەڵەوە لەنێوان هەردوو – ڕەوان–ی چاکە و خراپەدا سەری هەڵداوە و تا –ئەبەد–یش دەخایەنێت. زەردەشت بەشێوەیەکی هەرە بەرچاو، لێهاتووانە ڕەسم و یاسا ئایینییەکانی کەم کردنەوە، کاروباری قوربانیکردن و شەرابخواردنەوەی بەناڕەوا لە قەڵەم دا و سێ بنەمای ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی (ئەندێشەی چاک و گوفتەی چاک و کرداری چاک) ی کردە چرایەکی ڕووناک بۆ ڕێپیشاندانی مرۆڤ لە شەڕی نێوان دوو ڕێبازی چاکە و خراپەدا(٣٩) یاسای دژایەتی و شەڕ و پێکدادان و دوورخستنەوە و پێکهێنان و هەوڵ و کۆشش، تا جیهان بمێنێ هەر دەمێنێت. هێزی بەگەڕ خستنی ڕەوڕەوەکانی گەردوونەی خیلقەت و بنەمای شۆڕش و سەرهەڵدان و کاملبوونی سروشت هەر ئەم یاسایەیە و لە هیچ کام لە ئایینە بەناوبانگ و ناسراوەکانیشدا هێندەی ئایینی زەردەشت، حوکمی ئەم یاسایە بەهەند نەگیراوە و ڕێزی لێ نەگیراوە، دەتوانین بڵێین بنەمای فەلسەفەی ئەخلاقی و حەیاتی لە ئایینی زەردەشتدا هەر ئەم یاسایەیە.(٤٠)

(P.J.demenasce) دەڵێت: زەردەشت لە ئەندێشە و گفتە و کرداردا خوازیار و پەیڕەوی چاکەیە و دوژمنی خراپەیە و پاسەوانی بێ نەوایان و ستەم لێکراوانە لە بەرامبەری ستەمکاراندا و پارێزەری –

گا[٤١] واته ئاژەڵی ئاژەڵدارانی شار و گونده له بەرانبەری جەردەیی و تاڵان و بڕۆی دەشتەکییەکاندا و دەنووسێت «پەیامی زەردەشت زۆر سادەیە و ئەگەر دۆخە ئاڵۆزە سەرەتاییەکەی وەلا نێین، گەلێک ئاستەمە کە بیبەستینەوە بەسەردەم و کات و شوێنێکی تایبەتییەوە»[٤٢]

(Donald, n, wilber) دەڵێت: «ئێرانییەکانی سەردەمی کۆن ئاوڕیان لە مەبەست و مەعنای ژیانیش داوەتەوە. دەتوانین بڵێین ئەوپەڕی ئارەزووی ئەوان لە ژیاندا ئەندێشەی چاک و گفتەی چاک و کردەی چاکە کە ئەویش بنەمای داهێنانەکانی ئایینی مەزدا یانخود زەردەشتە، ئەم ئایینە یەکێکە لە مەزنترین ئایینە فەلسەفییەکانی جیهانی مرۆڤایەتی کە بناغەی بڕوای - لاهووت-ی و ئەخلاقی کرداریی داڕشتووە، بەپێی ئەو بناغەیە کە دواتر هەموو جیهانی گرتەوە، مرۆڤ دەبێ هەمیشە لە ڕێبازی ڕاستی و چاکەدا و لە دژی خراپە و درۆ بجەنگێت»[٤٣]

(A,V,williams jackson) لە کتێبەکەی خۆی (تۆژینەوە زەردەشتییەکان)دا دەنووسێت: «ئایینی ئێرانی کۆن یەک لەو ئایینە هەرە گرینگانەی جیهانە کە نرخ و بایەخێکی -زاتی-ی هەیە. لەناو هەموو کتێبە ئایینییەکانی گەلاندا کەم کتێب هەیە کە وەکو کتێبی زەردەشتییان (ئاڤێستا) ئاوەها ڕوانگەیەکی هەرە ڕۆشنی لە مەڕ چاکە و خراپەوە هەبێت و ئاوەهاش وانەی پیرۆزی ئەخلاقی سەبارەت بەئەرکۆمەندیی مرۆڤی تێدا بێت. کەم ئایین هەیە کە وەکو ئایینی ئێرانییەکان ئەوەندە داکۆکی بکاتە سەر خاوێن هێشتنەوە و پاراستنی لەش و ڕۆحی مرۆڤ...، زەردەشت کەسایەتییەکی مێژوویییە. کتێبی - گاتە - کان کە کۆنترین بەشی ئاڤێستایە، پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە زەردەشت مرۆڤێکی کاریگەر و کارا و لێهاتووە کە دەستی داوەتە ڕاهێنان و بارهێنانی مرۆڤ و هەر کەسێک کە هەست بەهەبوونی بکات شەیدای دەبێت و شوێنی دەکەوێت...، ئایینی زەردەشت، کە وەکو شۆڵەیەکی هەرە ڕووناک سەر زەویی پان و بەرینی ئێرانی ڕووناک کردەوە، کتوپڕ و لە خۆڕا سەری هەڵنەدا بەڵکو ئاکامی کاملبوون و پێگەیشتنی بیروبڕوا ئایینییەکانی پێشووی ئێران بوو. لە سەرچاوەکانی ئایینی زەردەشت وەک لە - دینکەرد - دا دەردەکەوێت کە زەردەشت بەگژ ئەو جادوو و جەمبەڵ و خوڕافاتەدا چوو کە لە دێرزەمانەوە مابۆوە و ئایینی ئێرانییەکانی هێنایەوە سەر دۆخی خاوێن و مینوویی و ڕاستەقینە و بوویە ڕابەری جەماوەر لە ڕێبازی ڕزگاری و ئاسوودەییدا...، ڕاهێنانە ئەخلاقییەکانی زەردەشت لەسەر هەبوونی دوو - مینوو - ی دژبەیەک (سپەنتامینو+ ئەنگەرەمینو) وەستاوە و جیاوازییەکی قووڵی هەیە لەگەڵ ڕاهێنانەکانی (ئوبانیشاد)ی هیندووەکاندا و ئەویش ئەوەیە کە لەوێ مرۆڤ هان دەدرێت بۆ خەڵوەکێشان و دوورکەوتنەوە لە جیهان و دابڕان لە ژیانی کرداری بەڵام لە ئایینی زەردەشتدا هەموو ڕاهێنانەکان لەسەر کۆشش و هەنگاوهاویشتنە بۆ بەرەوپێشەوەبردنی ژیان و ئاسوودەیی و دابینکردنی بەختیاریی مرۆڤ. یەکێک لە خاڵە هەرە بنەڕەتییەکانی ئەم ئایینە فێرکاریی - ئەختیار - ە، بەپێی ئەو خاڵە بنەڕەتییە مرۆڤ سەربەست و سەربەخۆیە لە هەڵبژاردنی چاکە یانخود خراپەدا، هەڵبەت ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە بەختیاری هی کەسێکە کە ڕێباز و لایەنی چاکە هەڵدەبژێرێت و بەگژی ئەهریمەندا دەچێتەوە...، بەپێی ڕاهێنانەکانی زەردەشت باشترین ڕێگای ژیان، میانەڕەوی - یە. واتە نە پشتکردن لە خۆشی و

لەزەتەکانی ژیان پەسەند دەکرێت و نەش نوقم بوون تێیاندا. دامەزراندنی ژیانی هاوبەش و خێزانی و بارهێنانی منداڵی چاک و لێهاتوو، پێڕەویکردن لە ڕاستی و دروستی و کار و کۆشش، کشتوکاڵ و ئاودێری و باخەوانی و ئاژەڵداری و لەنێوبردنی جەرەجانەوەری زەرەرمەند، هەموویان بەشێکن لە ڕاهێنانەکانی ئایینی زەردەشتی»[٤٤].

(A.T. olmstead) دەڵێت: «داهێنەری ڕاهێنانە ئایینییەکانی زەردەشتی، هەر زەردەشت خۆی و خەڵکی نەژادی ئاریایین. ئەم ڕاهێنانە کە لە سادەترین بیروبڕوای کۆنی ئاریاییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەرەبەرە پێگەیشتووە تا گەیشتۆتە قۆناغێک کە هیچ ئەندێشەیەکی ئایینیی کۆمەڵانی دیکە ناگاتە بەرزی و مەزنایەتی و ناسکیی ئەو»[٤٥] (Georgefootmoore) لە کتێبی «مێژووی ئایینەکان»دا دەنووسێت «هیندووەکان هەر لە دێرزەمانەوە واتە لە سەردەمی «بەرەهمەن»ەکانەوە[٤٦] بەلای چەشنە یەکبوونێکدا دەشکانەوە کە جاروبار بەشێوەیەکی فەلسەفی و جاروباریش وەک یەکبوونێکی وجوودی خۆی دەنواند. ئەوان ئەم جیهانەیان بەهەند نەدەگرت و بۆ ڕزگاربوونیان چارەیان لە دابڕان لەم جیهانە و مراندنی خواست و ئارەزوو و دڵ بەستەییییەکاندا دەبینی و بڕوایان بەگۆشەگیری و خەڵوەکێشان و هەوڵدان بۆ لە خۆدابڕان هەبوو. بەڵام ئێرانییەکان جیا بوون. بەتایبەتی ناوچەی سەرما و گەرمای لەڕادەبەدەر و دیکەی دیاردە ئاڵۆزە سروشتییەکان بوونە هۆی ئەوەی کە ئێرانییەکان بەلای شۆڕش و بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەو دیاردە گەلەدا بکشێن و ئەوەش کە ڕۆحی ئێرانی بەپێچەوانەی ڕۆحی هیندی زۆرتر ئاوڕ لە ژیانی کرداری بداتەوە، هەموو ئەو تایبەتمەندیانەش لە ئایینەکەیانەوە سەری هەڵداوە. هەر بۆیەشە کە هەمیشە شەڕێکی قورس لە نێوان هێزەکانی چاکە و خراپە لە گۆڕێدایە و گەرچی لە سەرەتاکانەوە هێزی خراپە زاڵ دەبێت و خۆی دادەسەپێنێ، بەڵام ئێرانییەکان بڕوایان هەیە بەسەرکەوتنی چاکە بەسەر خراپەدا و هیچ کات هیوایان لە دەست نادەن و دەست لە بەربەرەکانێ هەڵناگرن. ڕێگای ڕزگاربوونی مرۆڤ نەبەستراوە بەهەڵاتن و دابڕان لەم جیهانە بەڵکو مرۆڤ دەبێ بێتە مەیدان و لەگەڵ خراپەدا بجەنگێت تاکو سەرکەوتن. زاڵبوونی ئەم ڕۆحی مەردایەتی و جوامێرییە بوو لە سەر ناخ و بناغەی بیروبڕوای ئێرانییەکانەوە کە ئایینی زەردەشتی کاملڵ کرد و پێی گەیاند»[٤٧] (Lawrence, Heyworth, mills) دەربارەی -گاتا-کان دەنووسێت: «زەردەشت هەندێ قسە و دەستەواژەی بۆ ئێمە هێناوە کە هەر وشەیەکیان لێوڕێژە لە بیر و ئەندێشە، قووڵبوون و وردیی ئەم ئەندێشەیەش لە قسەکاندا بێ وێنە و بێ هاوتایە. ئەم یاسایەی سێ هەزار ساڵ لەمەو پێش ئەمڕۆ ئێمە لە کۆت و زنجیر ڕزگار دەکات. ئەو پەڕی حەق نەناسی و پێ نەزانینە ئەگەر ئاوڕیان لێ نەدەینەوە یانخود بیانکەینە ژێر لێوەوە...، دەتوانین و حەقی خۆشمانە بڵێین: ئاڤێستا مێژینەترین بەڵگە و فاکتەری دینی دەروونییە کە سەرنجی قووڵی داوەتە ئەندێشە و گفتە و کردەی چاک...، زەردەشت خواوەندێکمان پێ دەناسێنێت کە سیفەتە چاکەکانی دەوریان داوە و هەر لەم ڕێگەیەشەوە زاتی پەروەردگاری مەزن لە تاوانی هێنانەدی و ورووژاندنی خراپە دوور دەخاتەوە. بەم پێیە - خودای چاک-ی ئەو (زەردەشت) هەر تەنیا لە ئەندێشەدا لە هەمووان بەتواناترە نەک لە هێزی بێ قەید و بەندی - مادی - کە هەبوون تێک بدات و داب و

دەستوورەکەی خۆی لەنێو بەرێت. ئەوەش هەوڵێکی گرینگ بوو بۆ پاراستنی (حەیا)ی خوا. ئەمەش بیرێکی ورد و قووڵ بوو بۆ ئەو سەردەمە و ئەگەر بتوانین چاوی خۆمان بکەینەوە بۆ ناسین و دەرک پێکردنی، بۆمان دەردەکەوێت کە بۆ ئێستا و ئایندەش هەر ورد و قووڵ و هەژێنەرە...، ئەگەر چیرۆکی ئەندێشەی مرۆڤ بایەخێکی هەبێت، ئاڤێستا پایەیەکی بەرز و مەزنی هەیە لەم نرخ و بایەخەدا. ئاڤێستا دێرینترین بەڵگەی بەدواداچوونی مەعنەوییە و بەپێی ئەو کاریگەرییە هەرە بەرچاوەی کە لەسەر خودا ناسیی یەهوودی و مەسیحی و {ئیسلامیی} داناوە، لە سەر و سامان بەخشین بەئایین و دیاریکردنی چارەنووس لە ڕەوانی مرۆڤدا جێگا و شوێن پەنجە و کاریگەرییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە. هیچ کات، هیچ کەس و بەهیچ زمان و تەعبیرێک بەرزی و مەزنایەتیی هەژێنەری کۆنترین بەشی ئاڤێستا (گاتا)کانی ئینکار نەکردووە، کێ و لە کوێ ئەندێشەی مرۆڤ توانیویەتی ئاوەها شکۆمەندی و مەزنایەتییەک لە خۆ بگرێت؟»[٤٨] مێژوونووسەکانی سۆڤیەت لە کتێبی (مێژووی ئێران لە سەردەمی کۆنەوە تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم)دا لە مەڕ تۆژینەوە لە سەرچاوەکانی مێژوو و ڕۆشنبیریی ئێران دەنووسن: «لە بواری سەرچاوە نووسراوەکاندا پێش هەموو شتێک دەبێ ناوی ئاڤێستا بەرین، ئەم کتێبە کۆنترین بەرهەم و سەرچاوە و یادگاری هۆزە ئاریاییەکانە کە ژیانی سەرەتایی و قۆناغەکانی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتیی تێدا بەدیار دەکەوێت...، ئاڤێستا کتێبێکی یەکدەست نییە بەڵکو هەر بەشێکی ئاوڕ لە کات و سەردەمێکی جیا دەداتەوە هەر بەم بۆنەشەوە خوێندنەوە و ناسینی ئەم کتێبە گەلێ ئاستەمە. کۆنترین بەشی ئەم بەرهەمە (گاتا)کان سەردەمی کۆمەڵایەتیی سەرەتایی و بێ (تەبەقە)مان پیشان دەدات» (Emillbenveniste) دەنووسێت: «مەزدا پەرستی شێوازە ئێرانییەکەی ئایینێکی دێرینەیە کە لە سەردەمانێکدا ئایینی هاوبەشی هۆزی هیند و ئێرانی بووە. هەر بۆیەش هەم لە (ریگ ڤێدا)ی کتێبی کۆنی ئایینی هیندووەکان و هەم لە ئاڤێستاشدا بیروبڕوای وەک یەک بەدی دەکرێن کە تەنانەت جاروبار بەشێواز و دەستەواژەیەکی وەک یەکیش دەربڕدراون و ناوی زۆربەی خوا (ئیزەد)ەکانیش جاروبار لێک نزیکن...، مەزدا پەرستی ئایینێکی کردارییە و واتای ڕاستەقینەیشی لە دیکەی ئایینەکان زۆرتر و فراوانترە. ڕاهێنانەکانی ئەم ئایینە، وانە ئەخلاقییەکانی لە خۆ گرتووە و لە هەمان حاڵیشدا ئاوڕی لە ئەفسانە و ئوستوورەکانیش داوەتەوە. ناکۆکی و کێشمەکێشی نێوان دێو و ئیزەد (هێزەکانی چاکە و خراپە) پیشاندەری شێوەی ژیانی هۆزە سەرەتاییەکانە کە هەمیشە پێکەوە لە ئاژاوەدا بوون و پێویست بوو پارێزگاری لە زەوییەکانی خۆیان بکەن یانخود بۆ ئاژەڵەکانی خۆیان لەوەڕگەی زۆرتر دەستەبەر بکەن و زەویوزاری زۆرتر بخەنە دەستی خۆیان»[٤٩] هەر خودی ئەمیل بنونیست لەمەڕ جیاوازیی نێوان ناوەرۆکی فەلسەفیی گاتەکان و ئاڤێستای نوێ و تێکەڵاوبوونی ئەم بەشەی دوایی لەگەڵ بیروبڕواکانی کۆنی ئاریاییەکاندا دەنووسێت: «بەپێچەوانەی کۆنینەیی گاتاکان کە شێوازی هەرە دێرینی زمانی گاتایی پیشانی دەدات ئەم سروودانە سەرەتاییترین قۆناغی ئایینی ئێرانی پیشان نادەن. زەردەشت بەهێنانی ئەو پەیامەی دەیویست ستایشی بنەما ئەخلاقییەکان بخاتە جێی پەرستشی ئیزەدەکانی جیهان واتە هەر ئەو ئیزەدانەی کە شکۆ و مەزنایەتیان لە (یەشت)ەکاندا ستایش دەکرێن. یەشتەکان، گەرچی

دواتر کۆکراونەتەوە بەڵام نوێنەری ئەم بیر و بڕوایەن کە تایبەتی سەردەمانێکی پێشتر لە (گاتا)کان بووە. ئایینی زەردەشتی هەوڵی زۆری دا بۆ بنەبڕکردن و سڕینەوەی ئەو چەشنە بیر و بڕوایە کەچی دواتریش ناچار بوو بەوەی لەناو داب و دەستووری خۆیدا جێیان بکاتەوە. بەهۆی نەبوونی زانیارییەکی مێژوویی تەواو، هێشتاش ناتوانین لە ڕووی تەفسیر و شیکردنەوەی ئاڤێستاوە، سەردەم و شوێنی سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشت بەتەواوەتی دیاری بکەین یانخود لەسەر چۆنیەتی بڵاوبوونەوە و گەشەی ئایینی مەزد یەسنا لە ئێرانی کۆندا دوایین حووکم بدەین»[٥٠]. دیسانەوە هەر ئەو لە شوێنێکی دیکەدا لەمەڕ چۆنیەتی پێکگەیشتنی پەیامی زەردەشت و ئایینە باوەکانی تری ئەو سەردەمە و تێکەڵبوونی بیر و بڕوا کۆنەکان لەگەڵ ئەم ئایینە کۆنەدا باسمان بۆ دەکات:

«زۆر وێدەچێ کە ئایینی زەردەشتی لە سەرەتادا شۆڕش و سەرهەڵدانێکی ناوچەیی بووبێت لە گۆشەی ئێرانی ڕۆژهەڵاتیدا کە هەنووکەش سنوورە جوگرافیەکانی دەرنەکەوتوون. ئەم ئایینە نوێیە ڕووبەڕووی دژایەتی و بەربەرەکانێی دیکەی ئایینە باوەکان دەبێتەوە و بۆ ماوەیەک پێشی گەشە و سەرکەوتن و زاڵبوونی دەگیرێت هەر بۆیە کاتێ پەرەی سەند تووشی گۆڕانکاری هات. ئایینی زەردەشت لە ئاکامدا لەگەڵ ئەو ئایینانەدا تێکەڵ بوو کە سەرەتا هەوڵی سڕینەوەیان دەدا و دواییش (مەزدیەسنا) بەشێوازێکی جیاواز و گۆڕدراو گەیشتە ئێرانی خۆرئاوا.» (L.H.MELSE) جیاوازی نێوان گاتاکان و دیکەی بەشەکانی ئاڤێستای نوێ بەشێوەیەکی ورد و ڕەخنە گرانە بەراورد دەکات و دەڵێت: «ئەگەر کەسێکی ئاڤێستاناس یەکەم جار گاتاکان و پاشان یەشت و ڤەندیداد بخوێنێتەوە وەکو ئەوەیە لە جیهانی ڕاستی و حەقیقەتەوە ڕۆیشتبێتە سەر زەمینی ئەفسانە و ئوستوورەوە. چونکە لە گاتاکاندا پێغەمبەرێک دەبینێ کە هەمیشە لە حاڵی کار و کۆشش و هەوڵ و تەقەلا و سەختی و مەینەت کێشاندایە کەچی هەر ئەو کەسە لە یەشتەکاندا وەکو نیمچە خودایەکی ئەفسانەیی دێتە بەرچاوت. گەرچی فکرە بنەڕەتییەکان لە ئەفسانەکانی یەشت و ڤەندیداددا کۆنن و هەندێکیشیان لە ڕاستیدا لە گاتاکان و ڕیگ ڤیدای هیندووەکانیش کۆنترن بەڵام سەرجەم و بەگشتی دەبێ بڵێین دیرۆکی نووسینەوەی یەشت و ڤەندیداد گەلێک لە دوای گاتەکانەوەیە». بەپێی ئەو نووسراوانەی کە ئاماژەیان پێ کرا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین: ڕاهێنانە بنەڕەتییەکانی زەردەشت، سەرپاک وانەی بیر و هزر و فەلسەفە و داب و دەستووری ژیانی کرداریی مرۆڤە و لەگەڵ ئەو شتەی ناو ئاڤێستای نوێ جیاوازییەکی بنەڕەتیی هەیە. هەر بۆیەشە لە گاتەکاندا هیچ ئاماژەیەک بەمۆجیزە و کەرامەت و کاری جادوویی و خورافات و قوربانی و نەزر و نیاز و پەرستش و بڕوای کوێر کوێرانە و تەسلیم بوون بەگرووپی ئیزەد و خوا و ئەمشاسپەندەکان نابینرێت و هەرچی هەیە هەمان ڕابەریی مرۆڤە بۆ بیرکردنەوە و ئەقڵانییەت و ڕامان و تۆژینەوە و ناسین و هەڵبژاردنی سەربەستانەی ڕێگای (ئەشە) و چاکە و هەوڵدان لە پێناوی پێشکەوت و گەشە و ئاوەدانکردنەوەی جیهاندا.

***

سەرەڕای گاتەکان و ئەو هەموو جیاوازییەش کە باسمان کرد، پێنج بەشەکەی تری ئاڤێستا دەبێ وەک

گەنجینەیەکی پڕ و دەوڵەمەند سەیر بکرێت کە پێویستە بۆ ناسینی ئوستوورەکان و ئەندێشە و ڕۆشنبیریی کۆنی ئێرانی باسیان لێوە بکرێت و لێیان بکۆڵرێتەوە. دەزانین کە دیرۆکی هەندێ ئوستوورە و چیرۆکی پاڵەوانێتی و داب و نەریت کە لە دیکەی بەشەکانی ئاڤێستادان یا لە هەندێ نووسراوەی ئایینی زەردەشتی بەزمانی پالەوی ماونەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆشنبیری و شارستانەتی هاوبەشی هیندو ئێرانی و پیشاندەری ئاسەواری سەردەمی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەم تیرانەیە. ئەم شتانە پاش گۆڕانی گرووپە خێڵەکییەکان باشتر پێگەیشتن و پەرەیان سەند و وەک چیرۆک و حیکایەتی سەرزارەکی بەجیاواز لە لای هیندی و ئێرانییەکان مانەوە و هەندێکیشیان کە نووسرابوونەوە و پارێزرابوون لە قۆناغێکی دیاریکراودا کەوتنە ناو دەقە ئایینییەکان و وەک بەشێک لەو دەقانە وەرگیران. ئێستاش ئەو داستان و ڕیوایەت و داب و نەریتەی کە لە سروودەکانی -ڤیدا-ی هیندووەکاندا ماونەتەوە هەر لەو ڕەگەز و پاشماوەیەن، بەتایبەتی لێکچوونی زۆربەی ناوی پاڵەوانەکان و داب و نەریتەکانی لەگەڵ ئەوەی لای ئێرانییەکاندا پیشاندەری یەکبوونی بنج و بناوانی ئەو یادگارانەی سەدەکانی ڕابردوویە. لە ئێرانیشدا لە بواری پەرەسەندن و گەشەکردن و پاشان نووسینەوە و تۆمارکردنی ئەم میراتە دێرینەیەدا هەر ئەو بارودۆخەی هیند لە ئارادا بووە و گەرچی بەشی ئێمە بەنیسبەتی هیندووەکان کەمترە بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر دەبێ خۆشحاڵ بین بەوەی کە هیچ نەبێ بەشێکی کەمی کۆنترین میرات و یادگاری ڕۆشنبیری و شارستانییەتی باپیرانی خۆمان گەیشتۆتە دەستمان. زەردەشت لە پەیام و ڕاهێنانەکانیدا هەر هەموو داب و نەریت و ئەفسانە و ئوستوورە کۆنە ئاریاییەکانی وەلا نان کەچی دوای خۆی و بەدرێژی ڕۆژگارانی بڵاو بوونەوە و جێگیربوونی ئایینی زەردەشتی لە دیکەی ناوچەکانی ئێران بەتایبەتی لە بەشی ڕۆژاوایدا، ئەو ئایین و بیروبڕوا پێشوویانە جێگای خۆیان کردەوە و ئاوێتەی زەردەشتییەت بوون. بەشێکی سەرگوزەشتە مێژینە ئاریاییەکان ئاوێتەی دەقە نوێکان کران و لە ئەنجامدا تێکەڵاوییەکی سەرسوڕهێنەر لە ڕاهێنان و هزری گاتایی زەردەشت و ئوستوورە و ئەفسانە باوەکانی سەردەمی خۆی و تەنانەت ڕۆژگارانی پێش خۆیشی بەناوی ئایینی زەردەشتی یا مەزدا پەرستی لەناو کۆمەڵە نووسراوێکدا بەناوی ئاڤێستا کۆکرایەوە و خرایە بەردەست. بەم پێیە پێویستە بەچاوی ئەم ئاوێتەییەوە بڕوانینە جیاوازییەکانی نێوان گاتەکان و دیکەی بەشەکانی ئاڤێستا، بەخوێندنەوەی وردی هەموو بەشەکانی ئاڤێستا و دەستەبەندیی ئوستوورە و بیروبڕواکان و تۆژینەوە لەسەر بەرهەمی ئاڤێستا ناسەکان تا ڕادەیەک دەتوانین ئەم سامانە تایبەتە و ناوەرۆکی هەر کام لە بەشەکانی و پێوەندییان بەبەشەکانی ترەوە دەرک پێ بکەین و ڕێگای دوورودرێژی پێگەیشتنی ئەم سەروەت و سامانە لە مێژینەیەمان بناسینەوە. لە ڕاستیدا تێڕامان و وردبوونەوە و تۆژینەوە لەسەر ئاڤێستا (هەربەم شێوازەی کە لەبەر دەستماندایە) خۆی بۆخۆی دەسکەوتێکی گەورە و پڕ بایەخە. لەسەر کۆنترین بەشی ئاڤێستا (گاتەکان) بەجیاواز و بەدوور و درێژی باسمان کرد، لە (یەسنە و ویسپێرەد و خوردە ئاڤێستا)شدا سەرەڕای ئاشنابوون لەگەڵ نوێژ و ڕازونیازەکانی مەزدا پەرستان، زۆر باس و بابەتی ئایینی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیمان بەرچاو دەکەوێت کە بۆ ناسینی قووڵی سەرپاکی مێژوو و ڕۆشنبیریی ئێرانی کۆن

گەلێک بەنرخ و سوودمەندن.

(یەشت)ەکان لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئێرانیانی دێرین و ئوستوورە و ئەفسانە پاڵەوانییەکان و کاتژمێری و ئەستێرەناسی و...ی ئەوان (ئەویش لە سەردەمێکدا کە مێژوو لە ئارادا نەبووە!) زانیارییەکی فراوانمان دەخەنە پێش چاو، هەرواش زۆربەی کون و قوژبنی تاریکی حەماسەتی نەتەوەیی و مێژوویی هۆز و ئاو و خاکمان بۆ ڕوون دەکەنەوە.

***

ئاوڕێک لەو کۆششانەی بۆ ناسینی قووڵتری ئاڤێستا کراون

یەکەمین کەس لە ئەوروپادا کە لەسەر زەردەشت و ئاڤێستای کۆڵییەوە - بریسۆن - بوو (barnabe bre-soon) کە کتێبەکەی ساڵی ١٥٩٠ز. لە پاریسدا بڵاوبوویەوە پاش ئەویش (thomas hyde)ی ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی لەم بوارەدا هەنگاوی هاویشت و ساڵی ١٧٠٠ز. کتێبێکی بەزمانی لاتین بڵاوکردەوە کە لە ڕووی نووسراوەکانی (یۆنانی، ڕۆمی، ئێرانی، عەرەبی)یەوە کۆی کردبووەوە. بڵاوبوونەوەی ئەم دوو کتێبە (A, anquetil du perron)ی فەرەنسیی هان دا و هاتە سەر ئەو ڕایەی کە پێویستە لە نزیکەوە پەیڕەوانی ئایینی زەردەشتی بناسێت. هەر بۆ ئەم مەبەستەش ساڵی ١٧٥٥ز. بەرەو هیند وەڕێ کەوت و ساڵی ١٧٥٨ گەیشتە شاری - سۆرات - لە بەندەرگەی ویلایەتی بەمبەیی کە ناوچەی -پارسی-یەکان بوو، هەر لەوێ تا ساڵی ١٧٦١ مایەوە و لە لای زانایەکی پارسی بەناوی - دەستوور داراب - خەریکی فێربوونی - ئاڤێستا - بوو. ئاناکۆتیل دوو پێرۆن (کە کەم و کورتێک شارەزایی لە زمانە ئێرانییەکاندا هەبوو)، هەرچی لە مامۆستاکەی دەبیست دەینووسیەوە و بەم شێوەیە پاش سێ ساڵ لێکۆڵینەوەکەی (زەند ئاڤێستا) کۆتایی پێ هات. دوپێرۆن پاش تەواوبوونی کارەکەی لە -سۆرات-دا واتە ساڵی ١٧٦١ڕووی لە -ئاکسفۆرد- کرد و هەموو ئەو دەستنووسانەی لە ئاڤێستا و پالەوی کۆی کردبوونەوە لەگەڵ دەستنووسەکانی ئاڤێستا و پالەوی کتێبخانەی -بادلیان-دا بەراورد کردن و پاشان ساڵی ١٧٦٢ گەڕایەوە پاریس و ئەو ١٨٠ بەیازەی (ئاڤێستا و پالەوی و سانسکریت و فارسی)یەی لەگەڵ خۆی هێنابوون خستنە کتێبخانەی پاشایەتی (کتێبخانەی میللی ئێستای پاریس) و پاش ئەوەش بۆ ماوەی ١٠ ساڵی تەواو خەریکی تۆژینەوە بوو لەسەر بەیازەکان و لە ئەنجامدا ساڵی ١٧٧١ وەرگێڕانی ئاڤێستای لە دوو بەرگدا بەناونیشانی (زەندی ئاڤێستا) لە پاریسدا بڵاوکردەوە کە یەکەمین وەرگێڕانی ئاڤێستا بوو بەزمانێکی زیندووی جیهان. دۆپێرۆن لە ساڵی ١٨٠٥ی ز. کۆچی دوایی کرد، دوای ئەو بۆ ماوەی ٦٠ ساڵێک لە ئەوروپادا هیچ کارێکی نوێ لە بواری ئاڤێستا ناسیدا نەکرا بێجگە لەوەی کە (کلوکیر)ی ئاڵمانی زەند ئاڤێستاکەی دوپێرۆنی وەرگێڕایە سەر زمانی ئاڵمانی و ساڵی ١٧٧٦تا ٧٧ لە (ڕیگا)دا بڵاوی کردەوە(٥١) ئاڤێستاناسی بەهۆی (ئۆژن بۆرنۆف)ەوە گەیشتە قۆناغێکی پتەوی زانستییانە. ئەم ڕۆژهەڵاتناسە فەرەنسییە هەروەک زۆربەی زانایانی سەدەی نۆزدەهەم دەرکی بەوە کرد کە زمانی سانسکریت خزمایەتییەکی نزیکی لەگەڵ زمانی ئاڤێستاییدا هەیە و پێویستە

بۆ ڕزگاربوون لە چوارچێوەی بەرتەسکی گێڕانەوە و ڕیوایەتە خۆماڵییەکانی ئایینی کۆنی ئێرانی (کە بناغەیەکی پتەویشیان نییە) ڕوو بکەینە کتێبی مێژینەی هیندووەکان (ڤیدا) و دیکەی دەقە سانسکریتەکان. بۆرنۆف ساڵی ١٨٣٣ هاتی یەکەمی یەسنای بەلەسەر نووسینێکی زۆرەوە بڵاوکردەوە و دواتریش لە ساڵەکانی ١٨٤٠ تا ١٨٤٦ هاتی نۆیەمی یەسنای بڵاو کردەوە کە بۆ ئەم کارەیشی لە وەرگێڕدراوی سانسکریتی ئاڤێستا بەرهەمی (نەریوسەنگ)ی کوڕی (دهاول)ی مۆبەدی پارسییەکانی هیندی کۆتایی سەدەی دوازدەهەم کەڵکی زۆری وەرگرت. بۆرنۆف پاش تۆژینەوە لەسەر وەرگێڕانە سانسکریتەکەی نەریوسەنگ کە دۆپێرۆن لە هیندەوە لەگەڵ خۆی هێنابوویە فەرەنسا، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێت ئەو وەرگێڕانە هیچ بنەمایەکی زانستییی نییە چونکە لەڕووی تەرجەمەیەکی لاوەکیی ئاڤێستای پالەوییەوە ئەنجام دراوە و هەرواش تەرجەمەی ئاڤێستاکەی خودی دۆپێرۆنیش هیچ نییە بێجگە شتێکی وەکو ئەو تەرجەمە لاوەکییە و هەرواش گێڕانەوەکانی دەستوور داراب و دیکەی مۆبەدەکانی (سۆرات). پاش کۆچی دوایی بۆرنۆف لە ساڵی ١٨٥٢ دا دەستەیەکی زۆر لە پسپۆڕان دەستیان دایە ناسینی زمانەکانی ئاڤێستا و پالەوی و سانسکریت و هەر کام بەش بەحاڵی خۆیان لەم بوارەدا هەوڵێکی پڕ بایەخیان دا کە لێرەدا بۆمان ناکرێت باسی کار و چالاکییەکانی هەموویان بکەین هەر بۆیە بەکورتی ئاماژە دەکەینە سەر گرینگترین و بەنرخترینیان:

(j,Darmesteter) لە ساڵی ١٨٨٦ تاوەکو ١٨٨٧ لە هیندستاندا ژیا و لەگەڵ هەندێ لە مۆبەد و دەستوور و پیاوماقوڵانی پارسییەکاندا ئاشنابوو و دواتر لە ساڵەکانی ٩٣-٨٩٢دا کتێبێکی لە سێ بەرگدا بەناونیشانی (زەندی ئاڤێستا) بڵاوکردەوە. لەم کارەیدا هەموو دەقە ئاسانەکانی ئاڤێستایی کردوونەتە فەرەنسی و دەقە دژوارەکانیشی هەر بەشێوەی «زەند» (شیکردنەوەی پالەوی ئاڤێستا) هێناونەتەوە.

(meillet) زمانزانی ناودار و قوتابی -دارمستەتەر- دەنووسێت «وەرگێڕانەکەی دارمستەتەر کە لە ڕووی لێکۆڵینەوە پالەوییەکەوە کردوویەتی ڕاست نییە چونکە ئەو لێکۆڵینەوەیە بۆخۆی دروست نییە»(٥٢) بەرهەمە پڕ بایەخەکانی «بارتولە» کە گرینگترینیان بریتین لە «پێشینەی زمانە ئێرانییەکان لە سەردەمی پێش مێژوودا» و «زمانە ئاڤێستایی و پارسییە مێژینەکان» و «ڕۆشنبیریی کۆنی ئێران»، بوونە هۆی وەرچەرخانێکی نوێ لە تۆژینەوەکانی ئاڤێستا ناسیدا و هەنووکەش بەگرینگترین سەرچاوەی ئەم بوارە دەژمێردرێن. هەروەها دەبێ ئاماژەیش بکەینە سەر تۆژینەوە بەنرخەکانی زانایانی وەک «دۆهارلە» و «مەنان»ی فەرەنسی و «وێست»ی بەریتانی و «هۆگ»ی ئەڵمانی و «جەکسۆن»ی ئەمریکی کە هەر کامە و هەوڵێکی بەرچاویان داوە لە بواری ئاڤێستا ناسیی زانستی و ئەکادیمیدا. لە سەدەی بیستەمیشدا هەر لێکۆڵینەوەی ئاڤێستا ناسی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەشێوەیەکی بەرچاو درێژەی پێ دراوە و زۆر زانا و پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکانی زمان و ئەدەبیاتی ئاڤێستایی و ئایینی کۆنی ئێرانیدا کۆڵیویانەتەوە و خۆیان ماندوو کردووە و بەرهەمی ڕۆشنگەرانە و بەپێزیان ئەفراندووە کە دەتوانین ئاماژە بەچەند ناوێک بکەین وەک سەرکەوتووترین و زانستییانەترینی ئەو هەوڵ و کۆشش و

بەرهەمانە: «یۆنکەر» و «هەرتێل» و «هۆمباخ» لە ئەڵماندا، «بنۆنیست» و «دۆمێزیل» لە فەرەنسادا، «هەنینگ» و «بەیلی» و «گەرشویچ» لە بەریتانیا، «کۆریلویچ» لە لەهستان، «مۆرگەنشتیرن» و«کریستەن سەن» و«بار» و«نیبەرگ» لە وڵاتەکانی ئەسکەندیناڤی، «ئەنکلماساریا» و «تاوادیا» و «تاراپوروالا» و «بەد» و «کانگا» و «دهابێر» و «مەدی» و... لە هیندستان، «ئەسمیت» لە ئەمریکا، «فریمان» و «ئەبایۆف» و «بێرتێلس» لە سۆڤیەت و دەیان زانا و پسپۆڕی دیکە لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ئاڤێستا ناسیدا(٥٣)، هەر لەم پێوەندیەدا ئاوڕێک لە ئێران دەدەینەوە و دەڵێین: لە ئێراندا، تا پێش بڵاوبوونەوەی دەورەکانی «ڕاپۆرتی ئاڤێستا»ی مامۆستا (ئیبراهیم پورداود)، هیچ کارێک لە بواری ئاڤێستا ناسی و تۆژینەوەی زانستی لەسەر ئایین و ڕۆشنبیریی دێرینی ئێرانی کۆن نەکرابوو، ئێرانیەکان هێندە لەگەڵ ئەم سامانەی پێشینیانی خۆیاندا نامۆ بوون کە دەتگوت ئەم سامانە مێژینەیە بەو ناوبانگە جیهانییەیەوە هی ئەوان و سەر زەویەکەیان نییە! بەڵام پورداود ئەو دیواری نامۆییەی تێکشکاند و بوو بەسەر قافڵەی زانستی ئاڤێستاناسی لە ئێراندا. مامۆستا ئیبراهیمی پورداوود بەر لە دەست پێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی، وەک قوتابی زانکۆ و بۆ درێژەدان بەخوێندن لە بەشی قانوندا ڕۆیشتە پاریس و پاش ماوەیەک سەردانێکی ئەڵمانیای کرد بەڵام بەهۆی هەلومەرجی سەرەتای شەڕەوە ڤیزەی چوونە دەرەوە لە ئەڵمانیایان پێ نەدا و ناچارکرا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە. هەر ئەم مانەوەی بەناچارییە بووە خێر و پورداود زۆر سەرچاوەی تۆژینەوەی ئاڤێستا ناسیی لە ئەڵماندا ناسی و هەر ئەو ناسینەش هانی دا کە لێکۆڵینەوەیەکی درێژخایەن لەسەر زمان و ئایین و شارستانییەتی ئێرانی کۆن دەست پێ بکات و بۆ ئەم کارەش ئاڤێستای کردە خاڵی سەرەکی و بنەڕەتیی تۆژینەوەکانی لەوەودوای خۆی.

دواتر لە ساڵی ١٩٢٥ز لەسەر داوای پارسییەکانی هیند سەردانی ئەو وڵاتەی کرد و لەگەڵ سەرچاوەی زۆرتری خۆماڵی لەسەر ئایینی کۆنی ئێرانی ئاشنا بوو و پاش وتوێژ و بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ زانایان و ئاڤێستاناسە پارسییەکاندا تۆژینەوەکانی خۆی کە لە ئەوروپادا دەستی پێ کردبوو گەیاندە قۆناغی تەواو بوون و بەشێک لە دەورەکانی ئاڤێستای خۆی بەناونیشانی - ئەدەبیاتی مەزد یەسنا - هەر لە هینددا چاپ و بڵاوکردەوە.

پورداوود لە ساڵی ١٩٢٨دا گەڕایەوە ئەوروپا و لێکۆڵینەوەکانی خۆی وردتر و بەربڵاوتر لە جاران درێژە پێ دا و بەشەکانی دیکەی - ئەدەبیاتی مەزدیەسنا-ی لەچەند ساڵێکدا بڵاوکردنەوە. لە ساڵی ١٩٣٢دا لەسەر داوای «رابیندرانات تاگۆر» و بەمەبەستی وانەوتنەوە لەسەر «ڕۆشنبیری دێرینی ئێران» لە زانکۆی «شانتی نیکیتان»دا دیسانەوە ڕووی لە هیندستان کرد و ماوەی ساڵێک لەو وڵاتەدا مایەوە و هەر لەم ساڵەشدا بوو کە پارسییەکان داوایان لێ کرد کە لە ڕەسم و یاسای «یەزێشنە»دا بەشداری بکات(٥٤). پورداوود لە ساڵی ١٩٣٤ لە بەمبەیەوە گەڕایەوە ئەڵمانیا و کەوتە شوێن کارەکەی و تا ساڵی ١٩٣٧لێکۆڵینەوەکانی درێژە پێ دا بەڵام لەو کاتەدا گەرچی کارەکەی نیوە کارە مابووەوە ناچار گەڕایەوە تاران و ئیدی تا ساڵی ١٩٦٨ هەر مامۆستای زانکۆی تاران بوو بۆ وتنەوەی وانەی زانستی

زمان و ئەدەب و شارستانییەتی ئێرانی کۆن و هەر خەریکی خوێندنەوە و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی بابەت و کتێب و بەرهەمی زۆر و زەوەند و بەنرخ بوو لەم بوارەدا. لەگەڵ ئەوەشدا جاروبار لەسەر داوای زانکۆ جۆربەجۆرەکانی جیهان بۆ بەشداری لە کۆڕ و کۆنگرەکانی لەمەڕ ئێران ناسی سەردانی وڵاتانی دیکەی کرد. پوورداود لە - ڕاپۆرتی ئاڤێستا-دا هیچ کات بەزانیاریی کەم و ئاسایی قەناعەتی نەکردووە و ئەوپەڕی هەوڵی خۆی داوە کە وردتر و چڕوپڕتر لەو مەودایەدا بکۆڵێتەوە و لەسەری بنووسێت و سووچ و قوژبنەکانی بگەڕێت و لایەنە شاردراوەکان بدۆزێتەوە و بیانخاتە ڕوو. یەکێک لە لایەنە بەسوودەکانی لێکۆڵینەوەکەی پوورداود سەرنجی وردە لە بوار و بەشە جیاجیاکانی کارەکە، ئەو هەر تەنیا بەوەوە نەوەستاوە کە لە چوارچێوەی بەڵگەکانی پێش ئیسلامدا بکۆڵێتەوە و گورج بەسەریاندا تێپەڕێت بەڵکو لە دەیان و سەدان دیوانی شیعر و کتێب و نووسراوی جۆربەجۆری مێژوویی و کۆمەڵایەتیی پاش ئیسلامیش چ عەرەبی و چ فارسی و...دا گەڕاوە بەدوای شوێنەوار و شوێن پێی شتەکەدا و وردبینانە دۆزیویەتیەوە و توانیویەتی سەرە داوی شاراوەی پێوەندیی فکریی زانایان و پسپۆڕانی ئەم بوارە لە سەدەکانی پێش و پاش ئیسلامیشدا ئاشکرا بکات. هەر ئەمەشە کە وامان لێ دەکات کە بڵێین ڕاپۆرتی ئاڤێستای پوورداود بێجگە لەوەی وەرگێڕانێکی ڕێکوپێک و تەڕوپاراوی ئاڤێستایە، هەرواش قامووسێکی دەوڵەمەندی مێژوو و هزر و ڕۆشنبیری و شارستانییەتی ئێرانی دێرینە و گەرچی هەندێ بابەت هەنە کە پاش کارەکەی ئەو گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و ڕاست کراونەتەوە، بەڵام ئەمەش هیچ لە نرخ و بایەخی ئەو تۆژینەوەیە کەم ناکاتەوە و هەروا دەتوانێت ڕێ پیشاندەرێکی زۆر جوان و ڕێکوپێک بێت لەبەردەم ئەوانەی دەکەونە ڕێبازی لێکۆڵینەوە. پێویستە بڵێم کە مامۆستا ئیبراهیم-ی پوورداود مانگی دوازدەی ساڵی ١٨٨٥ لە شاری (ڕەشت)دا هاتۆتە دنیا و لە مانگی دەی ساڵی ١٩٦٨دا لە تاران کۆچی دوایی کردووە، یادی پیرۆز و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێت.

ئەمە لە زمان و کتێبخانەکانی ئێران و جیهانیش، ئەی کتێبخانەی کوردی چێ؟ ئەی کورد بۆ ئەم لایەنە لە مێژووی دێرینی خۆی چیی کردووە؟ ئایا توانیویەتی بەش بەحاڵی خۆی و بەپێی توانا و بڕستی ڕۆشنبیر و مێژوونووسەکانی هەوڵ بدات بۆ ئاشکراکردنی لایەنە شاردراوەکانی مێژووی لە مێژینەی خۆی و هەوڵی داوە نەوەکانی بەبنەما کلتووری و کەلەپوورییە دێرینەکەی خۆی ئاشنا بکات و بسەلمێنێت کە ئەمیش وەک میللەتێک خاوەنی مێژوویەکی ڕووناک و شارستانەتێکی درەوشاوەی دێرینە و یەکێکە لە نەتەوە هەرە کۆن و دەوڵەمەندەکانی ناو جەرگەی مرۆڤایەتی؟! ئایا کورد توانیویەتی لەو خەرمانە بەپیتەی کەلەپووری دێرینی خۆی کەڵک وەربگرێ بۆ ناسین و ناساندنی ڕەسەنایەتی و سەرفرازی و...ی خۆی؟! زۆر بەداخەوە گەلی کورد بەشێوەیەکی ترسێنەر و تا ڕادەیەکیش ڕووخێنەر لەگەڵ ئەو کەلەپوورە هەرە مێژینەیەی خۆیدا نامۆ ماوەتەوە و لە ژێر کاریگەرێتیی هەندێ هەوڵی ناحەزانەی چەواشەکاراندا لەو سامانەی خۆی دابڕاوە و هەر دەڵێی ئاوەها شتێک لە مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی هەبوونیدا نەبووە و ڕووی نەداوە، ئەمەش لە حاڵێکدایە کە بەسەدان و هەزاران بەڵگە و فاکتەری هەرە زیندووی مێژوویی دەرکەوتووە کە کورد خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو سامانەیە و ئێستاشی لە گەڵدا بێت زۆرتر لە هەموو شوێن

و نەتەوەیەکیش ئاسەوار و شوێنەوارەکانی لە ناخی خۆی و چوارچێوەی ژیانیدا پاراستوون و هێشتوونیەتەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبینین کتێبخانەی کوردی لەم بەڵگە هەرە مەزن و پیرۆزە و شارستانیەتی دێرینی خۆی بێ بەشە و بۆشاییەکی ترسێنەر بەدی دەکرێت و کەلێنێکی هیوابڕ بەرچاو دەکەوێت. هیچ نابێتە خۆ هەڵکێشان و خۆ فریودان گەر بڵێم: ئەم بەرهەمەی لەبەر دەستدایە کاملترین و ڕێکوپێکترین و گشتگیرترین بەرهەمێکە کە تا ئێستا بەزمانی کوردی هاتۆتە کتێبخانەکەمانەوە، بەرهەمێک کە بتوانێت وەکو ئاوێنەیەکی باڵانوێن بەتەواوەتی ئاڤێستا و دیرۆکی ئایینی پیرۆزی ئەشوو زەردەشتی مەزن لە خۆیدا بنوێنێ. کە دەڵێم هەوڵ نەدراوە، مەبەستم ئەوە نییە کە هەر هیچ کارێک نەکراوە و هیچ هەنگاوێک نەنراوە بەڵکو لێرە و لەوێ چەند هەوڵێک دراون و چەند بەرهەمێک و چەند باس و بابەتی دیکە وەک وتار بڵاوکراونەتەوە بەڵام دەتوانم بڵێم کە گشتگیر و چڕوپڕ و پوخت و پاراو نین و نەیانتوانیوە وڵامی نیازی کتێبخانەی کوردی بدەنەوە. هیوادارم وەچەی ڕۆشنبیری ئەمڕۆ و سبەینێ گوڕ و تینێک بدەنە خۆیان و ئاوڕێکی دڵسۆزانە لەم لایەنە بدەنەوە(٥٥). و لە ئایندەدا کتێب و لێکۆڵینەوەی زۆرترمان بکەوێتە بەردەست لەمەڕ ئایینی پیرۆزی باپیرانمان و دیرۆکی لە مێژینەی کەلەپوور و ڕۆشنبیری و شارستانییەتی هەرە پێشکەوتووی پێشینانمان.